## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان

**محسن محمود محمدأمين**

کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

muhsenmahmood1@gmail.com

**پ.ی.د.عزالدين عبدالصمد رسول**

کاری کۆمەڵایەتی،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Izaddin.rasool@su.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢١

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٢٥

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

ئاکامەکۆمەڵایەتییەکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی، تیکتۆك، گەنج، ئەنتەرنێت.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.17

### پوختە

تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، سەرەنجی تاکەکانی کۆمەڵگەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، توێژی گەنج وەك داینەمۆی هێز و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت، ئەمەش ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لێ کەوتۆتەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی هۆکار و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان، دیاریکردنی دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندایەتی بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو ئەو گەنجانەی هاوڵاتی و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و تەمەنیان لە نێوان(16-35)ساڵیدایە. سەبارەت بە جۆر و قەبارەی نموونە، پشتبەستراوە بە نموونەی جۆری ڕووباری، بە قەبارەی(580) گەنج، سەبارەت بە ڕاستێتی و جێگیری پێوەری توێژینەوەکە، ئەوا ڕاستێتی بریتییە لە(96.72%)، هەروەها جێگیری پرسیارنامە بریتییە لە(0.710)، لەم توێژینەوەیەدا بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنانی(SPSS) کەرەستەی ئاماری وەکو ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، ڕێژەی سەدی و ئەلفا کرۆنباخ(Cronbach Alpha) بەکارهاتووە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەخەنە ڕوو، گەنجان تیکتۆك زیاتر بۆ مەبەستی خۆ ڕۆشنبیرکردن بەکار دەهێنن، بە بەراورد بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات، هەروەها زۆربەی گەنجان لە تیکتۆکدا ڕەفتاری گونجاو لەگەڵ یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن، سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتووە تیکتۆك پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجانی بەرەو پێش بردوە و بەهێزی کردوە

## 1- پێشەکی

لە سەردەمی شۆڕشی دیجیتاڵی و فراوانبوونی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پردی پەیوەندی و ڕۆژانە ملیۆنان کەس بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە. لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، کۆمەڵگەی کوردی ئاشنابوو بە شەپۆلێك لە گۆڕانکاری و داهێنانە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیا. جێگیری بارودۆخی سیاسی، گەشەکردنی ئابووری و پێداویستی تاکی کورد هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێك ئامرازی گرنگ، بەتایبەتی لە بواری گەیاندن و پەیوەندی، لەوانەش ئەنتەرنێت.

تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك کە بەرهەم و وابەستەی ئەنتەرنێتییە، لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی(2019-2020)، دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و ڕێکارەکانی وەکو کەرەنتینە و قەدەغەکردنی هاتوچۆ بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، ئەمەش وای کرد ببێتە ئامرازێك بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و دەربڕینی حەز و ئارەزووی بەکارهێنەران، هەروەها بەهۆی تایبەتمەندییەکانی ببێتە جێگای سەرەنجی گەنجان و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن گەنجان بەکاربهێنرێت، ئەم بەدەنگەوە هاتنەی گەنجان بە ڕووی تیکتۆکدا ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لێ کەوتۆتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت تیکتۆك ببێتە هۆکارێك بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن، بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی ئەزموونی نوێ، لە هەمان کاتدا دەکرێت سەرچاوەیەك بێت بۆ بەفیڕۆدانی کات، ئاڵودەبوون و لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی گەنجان. لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایەکی گەنج و پڕ وزەیە لە ڕووی تەمەنەوە (ڕەسووڵ 2024، 308)، تیایدا ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(15 -29) ساڵیدایە، ڕێژەی( 28%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن(عوسمان2021، 11)، بۆیە لۆژیکییە ئەگەر بڵێین چینی گەنج بەهۆی ئەوتایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگاکەماندا هەیەتی، هاوشێوەی زۆربەی کۆمەڵگاکانی تر لە لوتکەی هەرەمی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك دەبینرێت، ئەگەرچی زۆر توێژینەوە لەبارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی تیکتۆك لە کۆمەڵگەی جیاواز و لەسەر توێژی جیاواز ئەنجام دراون، بەڵام  بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگاکەمان و گرنگی توێژی گەنج، ئەگەری هەیە ئاکامی کۆمەڵایەتی جیاوازی بەبەراورد بە کۆمەڵگەیەکی تر لێبکەوێتەوە، ئەگەرچی ئامارێکی فەرمی بەردەست نییە لەبارەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەلایەن گەنجان لە کۆمەڵگاکەمان، بەڵام ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە تیکتۆك ڕێژەیەکی زۆری گەنجانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە(صادق 2021، 58).

لەم بارەیەوە کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ لەسەر گەنجانی هەرێمی کوردستان وەك نمونەی توێژینەوەکە، تێگەیشتنی قووڵترمان سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆك و ئاکامە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان پێ دەدات، هەروەها دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سودی بۆ خودی گەنج، خێزان و داڕێژەرانی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

## 2- ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### 2-1. کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوە ئەو پرسیارەیە کە لەهزر و بیری توێژەردایە لە چوار چێوەی توێژینەوەکە، ئاکامەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەلایەن گەنجانی هەرێمی کوردستان بە تەنها بە لایەنێکی ژیانکاری پەیوەست نییە، بەڵکو فرە ڕەهەندە، لەیەك کاتدا کۆمەڵایەتییە، ئابورییە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میدیایی و سیاسیە، شوێنەوارەکانی بەسەر تاك، خێزان و کۆمەڵگادا بەڕوونی هەستپێدەکرێت. یەکێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتییە کاریگەر و هاوچەرخەکان بریتییە لە تیکتۆك( TIKTOK)، بەشێوەیەك بۆتە ئامرازێك بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و دەربڕینی حەزو و ئارەزووی بەکارهێنەران، وایکردوە لەڕێگای تایبەتمەندییەکانی ببێتە جێگای سەرەنجی گەنجان و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن گەنجان بەکار بهێنرێت، ئەم بەدەنگەوە هاتنەی گەنجان بەڕووی تیکتۆکدا ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لێکەوتۆتەوە.

هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایەکی گەنج و پڕ وزەیە لە ڕووی تەمەنەوە، تیایدا ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(15 - 29)ساڵیدایە، ڕێژەی( 28%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن(عوسمان2021، 11). بۆیە لۆژیکییە ئەگەر بڵێین توێژی گەنج بەهۆی ئەوتایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە هەیەتی لە کۆمەڵگاکەماندا، هاوشێوەی زۆربەی کۆمەڵگاکانی تر لە لوتکەی هەرەمی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك دەبینرێت.

لەم چوارچێوەیەدا پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە: ئایا گەنجان زیاتر بۆ چ مەبەست و هۆکارێك تیکتۆك بەکاردەهێنن؟ بەکارهێنانی تیکتۆک تا چەند ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان دادەنێت؟

## 2-2. گرنگی توێژینەوەکە

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لەو هۆکارانەی کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و توێژی گەنج بەتایبەتی بەخۆوە سەرقاڵکردوە، لەبەر ئەوەی باکگراوندی تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هاوشێوەنیە، بۆیە شێوازی بەکارهێنان و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیانەش جیاوازە.

لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین ئەم توێژینەوەییە کۆمەڵێك گرنگی هەنوکەیی و دوور مەودا لەخۆ دەگرێت، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ڕێڕەو و ئاراستەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان دیاریدەکات، بۆیە گرنگیدان بە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان جێگای بایەخە، بۆ پاراستنی توێژی گەنج و کەمکردنەوەی کاریگەری ئاکامە کۆمەڵایەتییە نەرێنیەکانی و کاڵکردنەوەی ئەو تێڕوانینە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەرێنییەی کە زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە تیکتۆك بوونی هەیە، بە ڕوونکردنەوەی ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، ئەمە جگە لەوەی هۆکار و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەلایەن گەنجان ڕووندەکاتەوە.

گرنگی ئەم هەوڵە زانستییە لە هەنوکەیی کێشەی توێژینەوەکەدایە، تیکتۆک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی نوێیە، کە بەخێرایی لە نێو گەنجاندا بڵاوبووەتەوە. لێکۆڵینەوە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی، دەتوانێت زانیاری نوێ و گرنگ لەبارەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە بخاتە ڕوو، هەروەها یارمەتی خێزان و دامەزراوە پەروەردەییەکان دەدات، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکەن. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی تیکتۆك لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەیەتی، ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەبێت بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان و خۆپاراستن لە مەترسی و لێکەوتە زیانبەخشەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر، جگە لەوەش، گرنگیدان بە بایەخ و تایبەتمەندی چینی گەنج کە هێزو داهاتووی کۆمەڵگان، یەکێکیترە لەگرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە تێگەیشتن لە ڕەفتار، پەیوەندی و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر توێژی گەنج پێویستە بۆ ئاراستەکردنی تاکەکان بەرەو ئاسۆیەکی گەش و پارێزراو، لەهەمانکاتدا گرنگیدانە بە پاشەڕۆژو چارەنوسی کۆمەڵگا.

### 3-2- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتییانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی تۆری کۆمەڵایەتی تیکتۆك لە لایەن گەنجان لەسەر ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەوێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- زانینی هۆکار و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان.

٢- زانینی ڕێژە و کاتی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان.

٣- دیاریکردنی دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان لەسەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان.

٤- دەستنیشانکردنی دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

## 3- چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 3-1. ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان(Social Consequences)

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئەنجامانەن، لە هەڵوێستێك یان ڕووداوێك یاخود هەڵسوکەوتێك دەکەوێتەوە(جبار2009، 10)، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، هەندێك جار زیاتر لە ئاکامێکی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، ئینجا ئەرێنی یان نەرێنی بن، کە بەپێی بارودۆخ، کات و شوێن دەگۆڕێت(محەمەد2004، 33)، یاخود چوارچێوەیێکە بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی ڕووداوێك لە ڕەهەند و بونیادی کۆمەڵایەتی، ئینجا پلان بۆ داڕێژراو بێت، یاخود بێ پلانی پێشوەختە بێت، یاخود ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان، ئاماژەیە بۆ بارودۆخی تاك و گرووپ و کۆمەڵگا، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا(Sarma2011,264).

پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان: مەبەست لێی ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتیانەیە(ئەرێنی و نەرێنی)، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەلای گەنجان دێتە کایەوە لە هەرێمی کوردستان.

### 3-2. تیکتۆك(TikTok)

کۆمپانیای تیکتۆك لە ماڵپەری فەرمی خۆیدا، پێناسەی بەرنامە (ئەپلیکەیشن)ەکەی خۆی دەکات و دەڵێت: پێگەیەکە، پێشەنگی کورتە ڤیدیۆی سەر مۆبایلە، ئەرکمان هاندانی داهێنان و پێدانی چێژ و ئیلهام بەخشینە(TIKTOK2024). پلاتفۆرمێکە بۆ ڤیدیۆی کورت، کە لەلایەن کۆمپانیای(Byte Dance)چینی لە ساڵی(2016) پەرەی پێ درا، ڕێگا دەدات بە لکاندنی دەق، وێنە و ڤیدیۆ بەیەکەوە(العظمات 2022، 192).

یاخود خزمەتگوزارییەکی تۆڕی کۆمەڵایەتی هاوبەشیکردنی ڤیدیۆییە، بۆ دروستکردنی کورتە میوزیك و سەما، کە بەئاسانی بەکاربردنی دەناسرێتەوە، یان ڕێگایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارودۆخی ژیان، حەز و خولیاکانی تاك، بۆ پیشاندان و بەشداریکردنی کەسانی تر لەگەڵیدا بە ئاسانترین شێوە، یاخود ئامرازێکە بۆ بەناوبانگ بوون و نیشاندانی تواناو لێهاتوویی تاکەکان(عبدالله2022، 28).

پێناسەی ڕێککاری بۆ تیکتۆك: تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ناسراو و سەرنجراکێشە، بەتایبەتی لای توێژی گەنج، پەیام و مەبەستی جۆراوجۆری تێدا بڵاودەکرێتەوە، لێکەوتی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر توێژی گەنج بەجێدەهێڵێت.

### 3-3. گەنج(young)

بۆچوونی جیاواز لە بارەی پێناسەکردنی گەنج هەیە، هەندێکیان لایەنی کۆمەڵایەتی هەندێکی تر لایەنی کات یان تەمەن بە پێوەری گەنجیەتی دادەنێن. ئاراستەیەکی تر ڕەچاوی لایەنی دەروونی و هەندێکی تر ئاراستەی بایۆلۆژی دەگرنەبەر، لە وێناکردن و تێڕوانینیان بۆگەنج (المغزازي2020، 14).

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵناسان گەنج پێناسە دەکەن، بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یان بریتییە لەو توێژەی کە لەناو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك ئاماژەی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر(حسێن 2023، 6). هەرچی تێڕوانینی ئاراستەی کاتە(الزمن) بۆ پێناسەکردنی گەنج، هەندێکیان پێیان وایە، کە زەحمەتە سەرەتا و کۆتایی قۆناغی گەنجیەتی دیاری بکرێت (عزیز2022، 8). لە هەرێمی کوردستاندا تەمەنی گەنج بە پێی یاسای ژمارە(2)ی ساڵی(2011)، کە بریتییە لە(یاسای سەندووقی پشتیوانی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، تەمەنی گەنج بە(16-35) ساڵی دیاریکراوە (کوردستان-عێراق،2011، 8). کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) لە ساڵی(1985) گەنجی بەو کەسانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان(15- 24)ساڵی ناساندووە (عریقات2008، 22)، کەچی بانکی نێودەوڵەتی پێی وایە، گەنج ئەو کەسەیە، کە تەمەنی لە نێوان(15-29) ساڵیدایە (BANK2024). لایەنگرانی ئاراستەی بایۆلۆژی دەڵێن: گەنجیەتی قۆناغێکی تەمەنە تاك پێیدا تێپەڕ دەبێت، تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە جیای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکاتەوە لە قۆناعەکانی تر. لەم قۆناغەدا تەواوی ئەندامانی جەستە گەشە دەکات(فتاح2008، 20).

لە ڕوانگەی ئاراستەی دەروونییەوە، قۆناغی گەنجی لە کۆتایی هەرزەکاری دەست پێ دەکات، تاکو سەرەتای پیاوەتی، لەم قۆناغەدا(من) و بەدیهێنانی خودی گەشە دەکات حاڵەتێکی دەروونییە، بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی وەکو هێز و وزەی زۆر و حەزکردن بە سەرکێشی دەناسرێتەوە(دنورە2023، 13).

پێناسەی ڕێککاری بۆ گەنج: گرنگترین توێژی کۆمەڵگان، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نیشتەجێ و هاوڵاتی هەرێمی کوردستانن، هەروەها تەمەنیان لەنێوان(16- 35)ساڵیدایە، لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

## 4- تیۆرە بەکارهاتووەکان و توێژینەوەکانی پێشوو

### 4-1. تیۆرە بەکارهاتووەکان

**یەکەم: تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن(Uses and Gratifications Theory)**

ئەم تیۆرە لەساڵی (1974)لایەن هەریەکە لە(کاتز-Katz) و (بلوملیر-Blumler) وە سەریهەڵدا، کاتێك پەرتوکێکیان بڵاوکردەوە بەناوی(بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری)، لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە جەماوەر ئەو ناوەرۆکە میدیاییانە بەکاردەهێنن، کە دەیانەوێت و پێویستیان پێیەتی بۆ تێرکردنی ئارەزووە تایبەتەکانیان، هەروەها ئامانجی ئامرازەکانی میدیا ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی جەماوەرە بە پێدانی ئەوەی کە وەرگر پێویستیەتی یان دەیەوێت(Durul2022, 26).

پێداویستی و هۆکار ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە پێکدەهێنن، پێداویستی: هەستکردنی تاکە بەکەم و کورییەك، کە پێویستی بە پڕکردنەوەیە، ئینجا کۆمەڵایەتی، دەرونی یان جەستەیی بێت، هەروەها هۆکار بارودۆخێکی جەستەیی یان دەرونییە، پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو، واتا وەڵامدنەوەی وروژێنەرێکە بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەك، لەم ڕوانگەوە ئەم تیۆرە پێیوایە کە جەماوەر کۆمەڵێك پێداویستی جۆراوجۆری هەیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هانیاندەدات بۆ بەکارهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی تێرکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکانیان(عبدالحمید، 2004، 279).

ئەم تیۆرە بە شۆرشێکی زانستی دادەنرێت لە تاوتوێکردنی ئاکامەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لەسەر بەکارهێنەران، بە جێگرەوەیەکی نمونەیی دادەنرێت بۆ کاریگەرییە کلاسیکییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە جەختی دەکردەوە لەسەر چۆنیەتی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر گۆڕینی مەعریفە، ڕەفتار و بەهای بەکاربەر، هەروەها جەختدەکاتەوە سەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ داواکاری و پێداویستیەکانی جەماوەر(درویش2005، 27).

بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بنەڕەتدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەرونی هەیە، تاکەکان ئامرازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانیان، ئەم دەستنیشانکردنەشیان دەوەستێتە سەر پێشینەی کۆمەڵایەتی و دەرونی، بۆیە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازی هەیە و ئاکامی کۆمەڵایەتی جیاوازی ئەرێنی و نەرێنی لێدەکەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە (روبن)، هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر لە هۆکاری بەرژەوەندییە، واتا بەمەبەستێکی دیاریکراوە، وەکو ناسینی خود، بەدەستهێنانی مەعریفە و زانست و ئەزمونی زیاتر، وەرگرتنی هەواڵ، چاودێریکردنی ژینگەی دەوروبەر، وەرگرتنی ئامۆژگاری و ڕای جیاواز لە بوارە جیاوازەکان (العبد2005، 17).

لە مەیدانی ئێستای توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تۆڕەکۆمەلایەتییەکان، تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، پەیوەندی ئەم تیۆرە بە توێژینەوەکەمان لەو خاڵەدایە، کە یارمەتیدەرە لە ئاشکراکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەلایەن گەنجان، ئەو پێداویستی و هۆکارانەی کە وادەکات گەنجان ڕوو لەبەکارهێنانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە بکەن، لەلایەکی ترەوە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم تیۆرە، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو ئاکامانەی لە پرۆسەی بەکارهێنان و تێرکردن دەکەوێتەوە، لەمیانەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەم تیۆرە کارا دەبێت لە توێژینەوەکە لە ڕێگای ئاشکراکردنی ئاکەمە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن گەنجان، بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تەنها ئاکامی نەرێنی لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەکرێت پەیوەندیەکە ئەرێنی بێت، ئەم بنەمایە دەگونجێت لە گەڵ توێژینەوەکەمان لە ڕێگای دەستنیشانکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان.

**دووەم: تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن(Dependency theory)**

سەرەتای ئەم تیۆرە، لەسەر دەستی (ڕۆکیتچ-Rokeach) و هاوڕێکانی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەری هەڵدا، بەیەکێك لەو تیۆرە گشتگیرانە دادەنرێت، کە جەخت دەکاتە سەر ئاکامە جیاوازەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاك و کۆمەڵگا، ئەم تیۆرە لە پەیوەندی نێوان سێ بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش: کۆمەڵگا، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بەکاربەرن، پەیوەندی نێوان ئەم سێ ڕەهەندە سەرەکیە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت(کعباش 2018، 51).

ئەم تیۆرە، ئامانجی ئاشکرا کردنی ئەو هۆکارانەیە کە وادەکات هەندێکجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاکامی کۆمەڵایەتی بەهێز و ڕاستەوخۆ، هەندێکجاریش ئاکامی کۆمەڵایەتی کەمتر و ناڕاستەوخۆی هەبێت، ڕابەرانی ئەم تیۆرە وایدەبینن، کە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن سێ جۆر کاریگەری بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی دروستدەکەن کە بریتین لە: کاریگەری مەعریفی، کاریگەری ویژدانی و کاریگەری ڕەفتاری، هەروەها تاکەکان بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکو تێگەیشتن، ئاراستەکردن، خۆشی و کات بەسەر بردن پشتدەبەستن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (العلاق2014، 157).

گریمانەی سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بەستراوەتەوە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، ئاکامەکانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەوەستێتە سەر سروشتی کارلێکی سیانی، لە نێوان(سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەر)، لە ڕێگای تێگەیشتن لەو سێ بنەمایە، لە هۆکار و ئاکامەکانی پشتپێبەستنی جەماوەر بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەین(أبو أصبح1995، 80). یەکێکی تر لە گریمانەکانی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی ئاکامە مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاریەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر دەبێت، کاتێك کۆمەڵگا لە دۆخێکی ناجێگیری وەکو گۆڕان و ململانێ دایە(McQuail2010,368).

هەریەکە لە (دیفلێر-Defleur) و (ڕۆکیچ-Rokeach)دەڵێن: تاکو زیاتر پێویستیمان بە زانیاری بێت، ئەوەندە زیاتر پشت دەبەستین بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەم تیۆرە پێیوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێن بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی ڕووداو و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەبەرئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی زیاتر بەرەو مەدەنیەت و پیشەسازی و تاکگەرایی ڕۆیشت، وایکرد تاکەکان زیاتر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببەستن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، لە جیاتی پشتبەستن بە سەرچاوە نەریتیەکانی وەکو خێزان، هاوڕێ، هۆز و دراوسێ(شیبة2016، 64).

ئەم تیۆرە یەکێکە لە بەربڵاوترین ئەو تیۆرانەی کە لەو توێژینەوانە بەکاردەهێنرێت، کە دەربارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان ئەنجامدەدرێت، ئەم تیۆرە لە توێژینەوەکەمان پراکتیزە دەبێت، لە ڕێگای زانینی چۆنیەتی بەکارهێنان و پشتبەستنی توێژی گەنج بە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، لەلایەکی تر لە ئێستادا کۆمەڵگاکەمان لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر و ناجێگیری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوریدایە، ئەمەش لەگەڵ یەکێك لە گریمانەکانی ئەم تیۆرەدا دەگونجێت کە دەڵێت: لە بارودۆخی ناجێگیری کۆمەڵگا تاکەکان زیاتر پشتدەبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەلایەکی تر ئەم تیۆرە پێیوایە کە تاکەکان بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکو تێگەیشتن و ئاراستەکردن وخۆشی و کات بەسەر بردن پشتدەبەستن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆیە دەکرێت پراکتیزە بکرێت لە توێژینەوەکەمان بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان، هەروەها لە بنەما سەرەکیەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاکامی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاری، بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەم تیۆرە یارمەتیدەرێکی باشە لە توێژینەوەکەمان، بۆ زانینی ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەلای گەنجان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-2. توێژینەوەکانی پێشوو

**1-4-2**- توێژینەوەی (Jaffar2019) بەناونیشانی(Living in a Moment: Impact of TicTok on Influencing Younger Generation intoMicro-Fame)لەبارەی کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەسەر  گەنجان و هەرزەکاران، بەتایبەتی ئەوانەی فۆڵەوەرسەکانیان(Followers) لە(5000) کەس زیاترە، لە کۆمەڵگەی هیندی ئەنجامدراوە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی گرنگترین هۆکار و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان و هەرزەکاران، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەوەی کە زۆرێك لە گەنجان و هەرزەکاران تیکتۆك وەکو هۆکارێك بۆ بەناوبانگ بوون بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاکامی کۆمەڵایەتی  ئەرێنی وەکو ڕادەربڕین و متمانە بەخۆبوون، هەروەها ئاکامی کۆمەڵایەتی نەرێنی وەکو بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی نەشیاو و دژەباوی لێکەوتۆتەوە.

**2-4-2**- توێژینەوەی (كنزة 2020) لە ژێر ناونیشانی(استخدام الشباب لتطبيق التيك توك و الإشباعات المحققة منه) لەبارەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لای گەنجان و ئەو پێداویستیانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە پڕ دەکرێنەوە لە کۆمەڵگەی جەزائیری و بەدیاریکراوی شاری(مەسیلە)ئەنجامدراوە، هەریەکە لە هۆکار و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك، گرنگترین ئەو پێداویستیانەی لە ڕێگای بەکارهێنانی تیکتۆکەوە بەدەستدێن و شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر گەنجان، ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت، سەبارەت بە هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕێژەی(47.9%) گەنجان تیکتۆك بە مەبەستی کات بەسەر بردن و چێژوەرگرتن بەکاردەهێنن، هەورەها دەرخستنی لێهاتوویی ڕێژەی(25.7%) و، بەناوبانگ بوون ڕێژەی(10.6%) بەرزترین ڕێژەی هۆکاری بەکارهێنان لەلای نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لەلایەکی تر زۆربەی نمونەکانی توێژینەوە ڕۆژانە کەمتر لە کاتژمێرێك تیکتۆك بەکاردەهێنن، سەبارەت بەئاستی خوێندەواری  بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێژەی(76.3%) نوێنەرایەتی ڕێژەی هەرە زۆرینەی ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوەکە دەکات.

**3-4-2**- توێژینەوەی (محمد 2022) بەناونیشانی( کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك Tik Tok لەسەر قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر)، هەریەکە لە کۆلێژەکانی ئاداب و زانست ئەنجامدراوە، ئامانجە سەرەکییەکانی بریتیین لە دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنان و وەشاندنی ڤیدیۆی تیکتۆك لای قوتابیانی زانکۆ، دیاریکردنی گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك و پەیوەندی بەرەفتاری قوتابیانەوە، لەلایەکی تر گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەیە، هەروەها زۆربەی بەکارهێنەران ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام و بە گوێرەی دەرفەت ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەکاردەهێنن، بە شێوەیەك ڕێژەی(64%) نمونەکانی توێژینەوەکە ڕۆژانە کەمتر لەکاتژمێرێك تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکاردەهێنن، هەروەها سەبارەت بەکاتەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك، ئەوا نمونەکانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی(70%) کاتێکی دیاریکراویان نیە بۆ سەیرکردن و بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، لەلایەکی تر نمونەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە بەناوبانگ بوون سەرەکیترین هۆکاری بەکارهێنانی تیکتۆکە، هەریەکە لە بواری هەواڵ و بواری کۆمیدی لە ڕیزبەندی یەکەمی بوارە پەسەندکراوەکانی نمونەکانی توێژینەوەکەن.

**4-4-2**- لە کۆمەڵگەی سعودی توێژینەوەی (العتيبي 2024) بەناونیشانی(التأثيرات االجتماعية لأصحاب بثوث التيك توك على قيم متابعيهم دراسة مسحية في إطار نظرية المسؤولية الإجتماعية) ئەنجامدراوە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دەستنیشانکردنی گرنگترین ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنەرانی تیکتۆك دەبینێتەوە، لەکۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕۆژانە زیاتر لە کاتژمێرێك تیکتۆك بەکار دەهێنن، هەروەها بەکارهێنانی تیکتۆك ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی وەکو ئازادی ڕادەربڕین، ئەنجامدان و دروستکرنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نیشاندانی بەهرە لەلای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنەرانی تیکتۆك دروستدەکات، لەلایەکی تر ئاکامی کۆمەڵایەتی نەرێنی وەکو لاوازی لە ئەنجامدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە، نارەزایەتی خێزانی، دابەزینی ئاستی خوێندن، دوورەپەرێزی و گۆشەگیری لەلای فۆلۆوەرسەکان لێدەکەویتەوە، سەبارەت بە بەهاکان، دەرکەوتووە کە ڤیدیۆکانی تیکتۆك دیمەنی نەشیاو بڵاودەکەنەوە.

## 5- مێژوو، تایبەتمەندی و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی تیکتۆك

### 5-1. مێژوو و سەرهەڵدانی تیکتۆك:

تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، لە وڵاتی چین بە دووین(Douyin) ناسراوە، لە ساڵی(2016) لەلایەن کۆمپانیای بایتدانس(Bytedance) لەسەر دەستی ژانگ یێمینگ(Zhang Yiming)، لە شاری پەکین سەری هەڵدا(Haase 2022,664). ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی(2012) دامەزراوە، سەرەتا تۆڕی کۆمەڵایەتی میوزیکلی(Musically) لە ساڵی (2014) لەسەر دەستی ئەلێکس زو(Alex Zhu) بەرهەم هێنا، مەبەست لێی بەرهەمهێنانی کورتە ڤیدیۆ بوو، بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ، بێزاری فێرخوازان و چێژبەخشین لە کاتی وانەوتنەوەی ئۆن لاین، (Tang 2022,519).

دوای دامەزراندنی تیکتۆك، هەر لە ساڵی (2016) توانی تۆری کۆمەڵایەتی میوزیکلی بە بڕی(1) یەك ملیار دۆلار بکڕێتەوە، ئامانج و مەبەستەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە پەروەردە و فێرکردنەوە گۆڕا بۆ بواری مۆسیقا، سەماکردن و چێژ لە ڕێگای کورتە ڤیدیۆوە، بەڵام کارەکانیان بە هاوبەشی و لەژێر هەردوو ناودا بەردەوام بوو، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ تێبینی ئەوە کرا، کە تیکتۆك لە گەشەی خێرادایە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنەرانی زیاد دەکات و پێشوازی لێ دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن توێژی گەنج و نەوەی زێد(Agting (Generation Z). 2022,24) بەجۆرێك لەسەرەتای ساڵی(2018) بەشداربووانی تیکتۆك لە وڵاتی چین گەیشتە(150) ملیۆن کەس و (500) ملیۆن چالاکی بەشداربووان لە مانگێکدا، دواتر بۆ وڵاتەکانی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشەی کرد، بەدڵنیاییەوە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنەران، ئاکامی کۆمەڵایەتی زیاتری بەدوای خۆیدا هێنا(Cuesta 2022,199).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چارێکی سەرەتای ساڵی(2018) تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك ڕیزبەندی یەکەمی هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووك، یوتیوب، ئینیستاگرام و واتس ئەپی وەرگرت، لە ڕووی دابەزاندنەوە، لە هەردووك سیستەمی ئەندرۆید (Android) و ئای ئۆ ئێس(IOS) (Montag 2021,2). بەشێوەیەك تیایدا ڕێژەکەی گەیشتە(45/8)ملیۆن کەس، کە لەم ماوەیەدا ئەپی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەیان دابەزاندووە، ئەم قۆناغە بە قۆناغی خێرا گەشەکردنی تیکتۆك دادەنرێت، هەروەها تیایدا زیرەکی دەستکرد بە مەبەستی پێشنیارکردن و نیشاندانی ڤیدیۆی هاوشێوە زیاد کرا، دواتر لە ساڵی(2019) بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کەرەنتینە و قەدەغەی هاتوچۆ، دەرفەتی زیاتر ڕەخسا بۆ بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی زیاتری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا، بە مەبەستی کات بەسەربردن، ئەنجامدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ بەشێوەیەکی گشتی و زانیاری تەندروستی بەتایبەتی(Zaitun2021,89).

سەرەڕای بوونی کێشەی سیاسی لەنێوان هەندێك وڵات وەکو ئەمریکا، هیندستان، هندۆڕاس و بەنگلادیش، کە هەڕەشەی قەدەغە کردن و سنوردارکردنی تیکتۆك دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لە (154) وڵات و بە (75) زمانی جیاواز بەردەستە، هەروەها زیاتر لە (1.5) یەك ملیار و نیو بەشداربووی هەیە، واتە بەشداربووانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەردەوام لە گۆڕاندایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە(إسماعيل 2022، 218).

## 5-2. تایبەتمەندییەکانی تیکتۆك:

١- خۆڕایی بوون: تیکتۆك هەم بۆ داگرتنی بەرنامەکە، ئینجا بەشێوەی ئەی ئۆ ئێس یان ئەندرۆید بێت، هەم بۆ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە کاتی بوونی ئەنتەرنێتدا بەخۆڕاییە، واتە هیچ تێچوویەکی ناوێت، ئەمەش وا دەکات زۆرترین کەس دەستی پێ بگات و بەکاری بهێنێت(الواحد 2022، 527).

٢- ئاسانی لە بڵاوکردنەوە و دەستکاریکردنی ڤیدیۆکان: بەکارهێنەرانی تیکتۆك دەتوانن بەئاسانی و لە چەند چرکەیەکدا ڤیدیۆکانیان بڵاو بکەنەوە، هەروەها دەتوانن بە لێهاتوویی کەم،

جۆرەها مۆسیقا، دەنگ و فلتەری دڵخوازی خۆیان بۆ ڤیدیۆکانیان زیاد بکەن، ئەمەش سەرەنجی گەنجان ڕادەکێشێت بۆ تێکەڵبوونیان بە ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان و پێ دانی حەز و تایبەتمەندی کەسی(الثقفي 2021، 56).

٣- جۆراوجۆریەتی ڤیدیۆکان: تۆڕی کۆمەلایەتی تیکتۆك دەوڵەمەندە بە هەمەجۆری ڤیدیۆکانی، بەشێوەیەك هەر تاکێك دەتوانێت حەز و بواری پەسەند کراوی خۆی تێدا ببینێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی جۆری ڤیدیۆکانی تیکتۆك دابەش دەبن بەسەر سێ جۆری سەرەکی(پەروەردە و فێرکاری، چێژ و کات بەسەر بردن و بەبازاڕکردن)، بەڵام بەگشتی هیچ بوارێکی پشتگوێ نەخستووە(Aziz 2021,410).

٤- ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ(Live): تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك دەرفەتی ئەوە بە بەشداربووانی دەدات، کە ڤیدیۆی هاوبەشی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن، لەم جۆرە ڤیدیۆ ڕاستەوخۆیانە دەتوانن کارلێك بکەن، پەیوەندی ئەنجام بدەن، زانیاری و چالاکی ئاڵوگۆڕ بکەن(محمود 2023، 443).

٥- دوێت(duet): لێرەدا بەکارهێنەران دەتوانن لە یەك کاتدا دوو کەس یان زیاتر پەیوەندی ڤیدیۆیی ئەنجام بدەن، هەمووشیان دەنگ و ڕەنگی یەکتری ببینن و کارلێك بکەن، ئەمە وا دەکات بتوانن چالاکی جۆربەجۆر ئەنجام بدەن و زیاتر تێکەڵی یەکتر ببن(عبده 2024، 354).

٦- سەرکێشی و ڕووبەڕووبوونەوە(challenge): تایبەتمەندییەکی دووسەرەی تیکتۆکە(ئەرێنی و نەرێنی)، تیایدا تاکەکان لاسایی کردارێك دەکەنەوە، یاخود چالاکیێك ئەنجام دەدەن، هەندێك جار ئەم کردەوەیە مەترسی لە سەر گیانی خۆی و دەوروبەری دروست دەکات. زۆر جۆری سەرکێشی لە تیکتۆکدا هەن، بەشێوەیەك ڕۆژانە و بەردەوام ڕوو لە زیادبوونن(برکات 2023, 750).

٧- ترێند( trend): یەکێکە لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆکە، کە تیایدا بۆ ماوەیەك قسەیەك یان گۆرانی و ئاماژەیەك دەبێتە ڕەفتارێکی باو، بەکارهێنەران بەگشتی و توێژی گەنج بەتایبەتی دووبارەی دەکەنەوە(المطيري 2024، 12).

٨- بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد: مرۆڤی ئەم سەردەمە سەرقاڵە، بۆیە بەردەوام بەدوای ئاسانترین و کورتترین ڕێگاکان دەگەڕێت، بۆئەوەی بە مەبەستەکانی بگەیەنێت، تیکتۆك ڕەچاوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم بارودۆخەی کردووە، بە زیادکردن و بەستنەوەی بە زیرەکی دەستکرد، بۆ شیکردنەوەی خولیا و پەسەندکراوەکانی بەکارهێنەر، هەروەها دابەشکردنی ڤیدیۆکان بە گوێرەی جۆر و پسپۆرییان(Ambran 2024,94).

٩- پاراستنی ناسنامە: لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکارهێنەر دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەوە بکات، کە کێ ڤیدیۆکانی دەبینێت و کۆمێنت دەنووسێت، هەروەها کێ سەردانی پرۆفایلەکەی کردووە، ئەم تایبەتمەندییە جۆرێك لە دڵنیایی و ئاسودەیی لای بەکارهێنەر لە کاتی بەکارهێنانی دروست دەکات(PAPACHARISSI 2002,22)

## 5-3. ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك

### یەکەم: ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکان

١- ڕێگا بە بەکارهێنەرانی دەدات هەژماری تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی بکات، هەروەها جۆرێك لە ناسنامە و ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بەکارهێنەرەکە بێت(محمد ،2023 28).

٢- بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، وەکو گەڕان بە دوای هاوڕێی نوێدا، بەشێوەیەکی ئاسان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەربەستی جوگرافی و کۆمەڵایەتی، تیکتۆك ڕێگایەکە بۆ ناسین و نزیك کردنەوەی کولتووره جیاوازەکان و ئاشنا بوون پێیان(الشقرة 2014 ,26).

٣- ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و ئازادی ڕا دەربڕین. تیکتۆك ڕێگە دەدات بە دەربڕینی بۆچوونەکان لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، ئینجا ئەم ئاڵوگۆڕە لە ڕێگای لایك، کۆمێنت، ئاڵوگۆڕکردنی نامە، ئەنجامدانی پەیوەندی دەنگی یاخود لە ڕێگای لایڤەوە بێت، لەلایەکی ترەوە تیکتۆك بنمیچ(سقف)ی ئازادی ڕادەربڕین و دەست گەیشتن بە زانیارییەکانی بەرزکردۆتەوە، وەك ئامرازێکی بەردەست بۆ کەسانێك کە هۆکارێکی تر بۆ نیشاندانی هەڵوێست و دید و بۆچوونیان بەدی ناکەن.(زیدان ،2023 507).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- - تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، ئامرازێکی گرنگ و سەردەمی دروستکردنی ڕای گشتییە لەسەر ڕووداوە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی چەندین گرووپ، ڕێکخراو و ئەنجامدانی چالاکی جیاواز(جمعة 2022، 228).

٥- تیکتۆك هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ پیشە جیاوازەکان و ڕزگاربوون لە کێشەی بێکاری، هەروەها سەرچاوەیەکە بۆ فێربوونی پیشە، هونەر و زمانی جیاواز, کە ئەمەش دەرفەتی دەستخستنی کار و پیشە بۆ بەکارهێنەرانی تیکتۆك ئاسانتر دەکات(Feng 2022,128).

٦- تیکتۆك، ئامرازێکی گرنگی بە بازاڕکردن و ساغ کردنەوەی بەرهەم و کاڵاکانە، ئاسانی بەکارهێنان، خێرا بڵاوبوونەوە و تێچووی کەم، تیکتۆکی کردۆتە دەروازەیەکی گرنگی ڕێکلام کردن و سەرنجراکێشانی کڕیاران، هەروەها ڕێگایەکە بۆ ئاگاداربوون لە بەرهەم و کاڵا نوێیەکان بۆ گەنجان(المعابره 2023، 131).

٧- قازانجی ماددی و بەخشینی دیاری: یەکێك لە کاریگەرییە ئەرێنیەکانی تیکتۆك ئەوەیە، کە بەکارهێنەرانی دەتوانن دیاری بە یەکتری ببەخشن، ئەمەش لە ڕێگای ناردنی ئەو هێما، وێنە و ئامرازە تایبەتیانەوە، کە لە ڕێگای تیکتۆکەوە دەستەبەر کراون و دەتوانی بیکەیتە دراوی ڕاستەقینە(Vedianty et al. 2024,19).

٨- ناوبانگ پەیداکردن: تیکتۆك ڕێگایەکی ئاسان و کراوەیە، بۆ ئەوەی تاکەکان بە هۆیەوە ناوبانگ لە کۆمەڵگەی نێوخۆیی و دەرەکی پەیدا بکەن، ئامرازێکی بەردەستە بۆ کەسانێك کە دەرفەتی خۆدەرخستن و سەلماندنی توانا و بەهرەکانیان نەبووە(عبدالمقتدر 2023, 369).

٩- چێژ بەخشین: تیکتۆك لە ڕێگای ڤیدیۆ جۆراوجۆرەکانی خۆشی و چێژ بە بەکارهێنەرانی دەدات. زۆرێك لە ڤیدیۆ کۆمیدی، سەماکردن، مۆسیقا و ڕووداوی پێکەنیناوی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆکیان تەنیووە(قرني 2023، 350). ئەم جۆرە ڤیدیۆیانە دەکرێت ببنە سەرچاوەی کات بەسەربردن و چێژبەخشین، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئاسودەی دەروونی و لێکەوتەی ئەرێنی دەبێت بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروون دروستی تاك(محمود 2023، 56).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم:ئاکامە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان**

١- زۆر جار هەواڵ و زانیارییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، دوورن لە ڕاستی و بە ئامانجێکی دیاریکراو و هەڵخەڵەتێنەر بڵاو دەکرێنەوە، واتە دەکرێت جۆرێك لە چەواشەکاری تێدا بێت، هەرچەندە زانیارییەکان زۆر و بێشومارن، بەڵام زۆرجار ورد و کوالێتی بەرز نین، بەمەش بەکارهێنەر بەلارێدا دەبات و لە ڕاستی ڕووداوەکان دووری دەخاتەوە(کەریم 2022، 58).

٢- تۆڕەی کۆمەڵایەتی تیکتۆك وەکو چۆن تاکەکان لە یەکتری نزیك دەکاتەوە، بە هەمان شێوە دەکرێت هۆکارێك بێت بۆ دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە یەکتری و کاڵ بوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تیکتۆك هۆکارێکە بۆ درووستبوونی کۆمەڵگەی گریمانەیی کە ڕاستییەکی نیگەرانکەرە، لەلایەکی ترەوە تیکتۆك کات بەسەربردنی تاك لە گەڵ خێزانەکەی کەم دەکاتەوە، ئەمەش نارەزایەتی خێزان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە(جابر 2024، 2256).

٣- زۆرجار بەکارهێنەرانی تیکتۆك توشی دووچاری کۆمەڵێك گرفتی تەندروستی و دەروونی وەکو هەڵچوون، دڵەڕاوکێ،گۆشەگیری، خەمۆکی، تێکچوونی ژەمەکان، کەم خەوی و قەڵەوی دەبنەوە، ئەم مەترسییە لەلایەن پزیشك و کەسانی پسپۆڕ پشتڕاست کراوەتەوە، کاتێك تاك ناتوانێت ئەوەی لە جیهانی گریمانەیی تیکتۆك دەبینێت لە دەورووبەر و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکاندا جێبەجێی بکات، توشی بێ هیوایی و سەرلێشێوان دەبێت(البرجي 2024، 579).

٤- ئالوودەبوونی بە بەکارهێنانی تیکتۆك و بەفیرۆدانی کات، زیانێکی تری ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەیە، زێدەڕۆیی کردن لە بەکارهێنانی وا دەکات، تاك لە کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیاریەتی گرنگی ڕۆژانە دوا بکەوێت وەکو دابەزینی ئاستی قوتابی لە خوێندن، لە دەستدانی کار و کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی منداڵ(الهادي 2022، 4).

٥- تیکتۆك هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژی، تاکەکان لە ڕێگای فێربوون، لاساییکردنەوەی دیمەن، ڕەفتارە توندوتیژەکانی تیکتۆك، هەروەها دووبارەکردنەوەیان لە ژیانی ڕاستەقینە، توشی چەندین گرفتی یاسایی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە(العنزي 2024، 43).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦- سەرکێشیەکانی تیکتۆك(TikTok Challenges) مەترسیدارن، ئەگەرچی بە ڕەهایی ئەو سەرکێشیانەی کە لە ڕێگای تیکتۆکەوە ئەنجام دەدرێن مەترسیدار و نەرێنی نین، بەڵام کەم نین ئەو سەرکێشیانەی، کە پڕن لە مەترسی بۆ سەر گیانی خۆی و دەوروبەری، لەلایەن گەنجانەوە ئەنجام دەدرێن، تەنانەت زۆرێك لە ناوەندە زانستی و ڕاگەیاندنەکان هەندێك لەو سەرکێشیانە بە (سەرکێشی مردن) ناو دەبەن(أحمد 2024، 228).

٧- بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆی نەشیاو و دژە بەها، تیکتۆك دەروازەیەکی فراوانی بڵاوبوونەوەی گوفتار و ڕەفتاری نەشیاوە، کە دژی بنەما ئاینی و بەها کۆمەڵایەتییەکانە، وەکو نیشاندانی شوێن و ئەندامانی جەستە، قسەی وروژێنەر و سێکسی، جنێودان، سوکایەتی و زێدەڕۆیی کردن لە باسکردنی تایبەتمەندییە کەسییەکان، زۆریك لە بەکارهێنەرانی تیکتۆك سڵ ناکەنەوە لە هەر کار و جوڵەیەکی نەشیاو لەپێناو ڕاکێشانی سەرەنجی بینەر و پەیداکردنی ناوبانگی زیاتر(محمد 2023، 335).

## 6- چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

### 6-1. میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆد(Method) ئەو ڕێگایەیە، کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پەنای بردۆتە بەر میتۆدی چەندایەتی بە بەکارهێنانی فۆرمی پرسیارنامە. میتۆدی چەندایەتی(Quantitative Methods) میتۆدێکی زانستییە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنرێت، ئەم میتۆدە توێژینەوەکردنە لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی ئاماری و بەکارهێنانی هاوکێشەی بیرکاری(Walliman2006,112).

6-2. دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە، هەموو پێکهاتە و یەکەکانی دیاردەیەك دەگرێتەوە، کە توێژینەوەی لە بارەوە ئەنجام دەدرێت، گرووپێك یان دیاردەیەکە توێژەر ئەنجامەکانی بەسەردا دەگشتێنێت(عیشور 2017، 265). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە تەواوی گەنجانی هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بریتین لە( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە)، واتە هەموو ئەو گەنجانەی، کە تەمەنیان لە نێوان(35-16)ساڵیدایە، دانیشتووی هەرێمی کوردستانن، بە مەرجی ئەوەی بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن.

### 6-3. دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکە

تۆڕی ئەنتەرنێت و شێوازی ئەلیکترۆنی، وەرچەرخانێکی گەورەی بەسودی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان هێنایە ئاراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشتبەستراوە بە نمونەی ڕووباری(River Samples) ئەم شێوازە لە نموونە، جۆرە نموونەیەکی نائەگەرییە، بە شێوازی ئۆنلاین پەیڕەو دەکرێت و تیایدا نمونەکان بانگهێشت دەکرێن بۆ شوێنکەوتنی بەستەرێك(صالح 2024، 96). دوای ئەوەی پێوەری توێژینەوەکە بۆ بڵاوکردنەوە بەردەستبوو، بەستەری پرسیارنامەکە کە لەڕێگای کۆبۆ تولبۆکس(Kobo Toolbox) وە ئامادە کرا، دواتر لە سەرجەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە یارمەتی چەندین گرووپ و پەیج بڵاو کرایەوە، لەماوەی نێوان(18-2-2025 تاکو 28-2-2025) توانرا(580) گەنج وەك نمونەی توێژینەوەکە وەربگیرێن.

### 6-4. گریمانەکانی توێژینەوەکە

گریمانە بە خاڵی دەستپێك و سەرەتایی توێژینەوە زانستیەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لە توێژینەوە مەیدانییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1- گەنجان هێندەی تیکتۆك بۆ بەسەربردنی کات بەکار دەهێنن، هێندە بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن بەکاری ناهێنن.

2- تیکتۆك پەرەی بە ڕەفتاری ناکۆك بە یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان داوە.

3- تیکتۆك بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان لەگەڵ یەکتری و دەوروبەری.

6-5. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەست لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ئەو هۆکار و ڕێگایانەن، کە توێژەر دەیانگرێتەبەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لە نمونەکانی توێژینەوە و گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پشت بەستراوە بە فۆرمی پرسیارنامە، تیایدا برگەکان لەسەر شێوەی(پێنجینەی لێکەرت) بەشێوەی(زۆر لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم، لەگەڵیدانیم(دڵنیانیم/نازانم)، زۆر لەگەڵیدانیم) دانراون، ئینجا بۆ دڵنیابوون لە بەدیهاتنی مەرجە سایکۆمەترییەکان، هەردوو ئامرازی ڕاستێتی و جێگیری لەسەر جێبەجێ کراوە.

**- ڕاستێتی ڕواڵەتی(صدق الظاهري- Face Validity)**

ئاسانترین و سادەترین جۆری ڕاستێتیە، بریتییە لە ئامادەکردنی فۆرمی پرسیارنامە و دواتر ناردنی بۆ کۆمەڵێك پسپۆری خاوەن ئەزموون و شارەزا، کە پێویستە ناو، پسپۆڕی و ژمارەیان دیاری بکرێت، پاشان بەهەند وەرگرتنی ڕەخنە و تێبینیەکانی پسپۆڕان(عمر 2004، 75). بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا فۆڕمەکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ(11) پسپۆڕ نێردرا، دوای لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکان دەرکەوت ڕێژەی ڕاستێتی فۆرم بریتییە لە(96.72%)، ئەمەش بە مانای گونجاوی و شیاویەتی فۆڕمەکە دێت بۆ بڵاوکردنەوە.

خشتەی ژمارە(1) هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ پێوەری توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ژ | ناوی هەڵسەنگێنەر | پسپۆڕی | کۆی برگە دروستەکان | کۆی برگە نادروستەکان | ڕێژەی ڕاستییەتی | ژمارەی برگە نادروستەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د.طاهر حسۆ زێباری | کۆمەڵناسی سیاسی | 55 | - | %100 | - |
| 2 | پ.د.نجاة محمد فرج | کۆمەڵناسی ڕێکخستن | 54 | 1 | %98.18 | 6 |
| 3 | پ.د.محمد حسین محمد شوانی | ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (کلتوری) | 53 | 2 | %96.36 | 33،30 |
| 4 | پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید | کۆمەڵناسی پلان | 54 | 1 | %98.18 | 7 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | پ.ی.د.مراد حکیم محمد | تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان | 52 | 3 | %94.54 | 34،26<br>35، |
| 6 | پ.ی.د.شهلاء ولی جبار | کۆمەڵناسی شار | 53 | 2 | %96.36 | 1،7 |
| 7 | پ.ی.د.هەردی زیاد صالح | دەرونناسی کۆمەڵایەتی | 54 | 1 | %98.18 | 28 |
| 8 | پ.ی.د.کوێستان علی عبدالله | کۆمەڵناسی گەنج | 53 | 2 | %96.36 | 39،33 |
| 9 | پ.ی.د.ئەسرین زرار قادر | کۆمەڵناسی یاسایی | 50 | 5 | %90.90 | 2،25،<br>،32،6<br>48،34 |
| 10 | پ.ی.د. نادیە ولی جبار | ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی | 52 | 3 | %94.54 | 35،22<br>51، |
| 11 | د.حکیم قادر طه | سیاسەتی کۆمەڵایەتی و کاری کۆمەڵایەتی لەبواری خێزان و منداڵ | 55 | ـ | %100 | ـ |
| | کۆی گشتی ڕێژەی ڕاستییەتی | | 585 | 20 | %96.72 | |

**-جێگیری(Reliability)**

جێگیری یەکێکە لەپێداویستییە سەرەکیەکان کە پێویست توێژەر بەدیبهێنێت، جێگیری بریتیە لە وردی و پەیوەستی نێوان وەڵامی نمونەکان، بۆ بڕگەکانی فۆرمی پرسیارنامەکە، هەروەها پێناسە دەکرێت بە بەدەستهێنانی هەمان ئەنجام، ئەگەر لەبارودۆخی هاوشێوە دووبارە بکرێتەوە، ئەگەرچی ڕێگای جیاواز هەیە بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری بڕگەکان بەڵام بەرفراوانترین و متمانە پێکراوترین ڕێگا کە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، بریتیە لە ئەلفا کرۆنباخ( Cronbach Alpha) (یونس، 2018، 218). دوای ئەوەی بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشوەختە(Pre- Test) بۆ فۆڕمەکە، (50) گەنج لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیران، لە ڕێگای هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ دەرکەوت، جێگیری فۆڕم بریتییە لە(0.710)، ئەمەش بە ئاستێکی قبوڵکراو هەژمار دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(2) جێگیری بڕگەکانی پێوەری توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ ڕووندەکاتەوە.

| ژ | تەوەرەکان | ژمارەی بڕگەکان | ئەلفا کرونباخ | بڕیار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هۆکار و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەلای گەنجان. | 12 | 0.713 | جێگیرە |
| 2 | ئاکامەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان. | 18 | 0.735 | جێگیرە |
| 3 | ئاکامەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان. | 15 | 0.710 | جێگیرە |
| | کۆی گشتی فۆڕم | 45 | 0.760 | جێگیرە |

### 6-6. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

لەم توێژینەوەیە سود لە بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) وەشانی(25) وەرگیراوە، بە مەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی جێگیری، دەرهێنانی ڕێژەی سەدی، نێوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە.

## 7- خستنەڕوو، شیکردنەوەی زانیارییەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان

### 7-1. خستنەڕوو و شیکردنەوەی خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

### 1- تەمەن

خشتەی(3) تەمەنی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | 20 - 16 | 86 | %14.8 |
| 2 | 25 - 21 | 210 | %36.2 |
| 3 | 30 - 26 | 117 | %20.2 |
| 4 | 35 - 31 | 167 | %28.8 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، ڕێژەی(14.8%) ئەوانەن تەمەنیان لە نێوان(20-16)ساڵیدایە، ئینجا(36.2%) لەنێوان(25-21)، هەروەها(20.2%) لەنێوان(30-26)، دواتر(28.8%) ئەوانەن تەمەنیان لەنێوان(35-31)ساڵیدایە.

## 2- ڕەگەز

خشتەی(4) ڕەگەزی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 291 | %50.2 |
| 2 | مێ | 289 | %49.8 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ڕێژەی(50.2%)ی نمونەکانی توێژینەوە لە ڕەگەزی (نێر)ن، هەروەها ڕەگەزی(مێ) ڕێژەی(49.8%) کۆی نمونەکانی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

## 3- باری کۆمەڵایەتی

خشتەی(5) باری کۆمەڵایەتی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | باری کۆمەڵایەتی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | سەڵت | 275 | %47.4 |
| 2 | خێزاندار | 297 | %51.2 |
| 3 | جیابووەوە | 8 | %1.4 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

لە داتاکانی خشتەکەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەو نمونانەی(سەڵت)ن، ڕێژەی(47.4%)، هەروەها ئەوانەی (خێزاندار)ن، ڕێژەی(51.2%)، ئینجا بەڕێژەی(1.4%) گەنجانی(جیابووەوەن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4- ئاستی خوێندەواری

خشتەی(6) ئاستی خوێندنی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | ئاستی خوێندەواری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نەخوێندەوار | 13 | %2.2 |
| 2 | دەخوێنێ و دەنوسێ | 24 | %4.1 |
| 3 | بنەڕەتی | 44 | %7.6 |
| 4 | ئامادەیی | 130 | %22.4 |
| 5 | دبلۆم | 93 | %16.1 |
| 6 | بەکالۆریۆس | 242 | %41.7 |
| 7 | خوێندنی باڵا | 34 | %5.9 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

بە گوێرەی زانیارییەکانی خشتەکە دەردەکەوێت ڕێژەی(2.2%) گەنجانی(نەخوێندەوار)ن، ئینجا(4.1%) ئەوانەن کە(دەخوێنێ و دەنوسێت)، هەروەها ئەوانەی(بنەڕەتی) ڕێژەی(7.6%)، ئەوانەی(ئامادەیی) ڕێژەی(22.4%)و، ئەوانەی (دبلۆم) ڕێژەی(16.1%)ئەوانەی(بەکالۆریۆس) ڕێژەی(41.7%)و، لە کۆتاییدا بەڕێژەی(5.9%) ئەو گەنجانەی هەڵگری بڕوانامەی(خوێندنی باڵا)ن، کۆی نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

### 5- شوێنی نیشتەجێبوون

خشتەی(7)دابەشبوونی نمونەکانی توێژینەوەکە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگای هەولێر | 219 | 37.7% |
| 2 | پارێزگای سلێمانی | 208 | %35.9 |
| 3 | پارێزگای دهۆك | 108 | %18.6 |
| 4 | پارێزگای هەڵەبجە | 45 | %7.8 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

بە پێی داتاکانی خشتەکە، ڕێژەی(37.7%) نمونەکانی توێژینەوەکە دانیشتووی پارێزگای(هەولێر)ن، ئینجا بە ڕیزبەندی ڕێژەی(35.9%) دانیشتووی پارێزگای(سلێمانی)، ڕێژەی(18.6%) دانیشتووی پارێزگای(دهۆك)، ڕێژەی(7.8%) دانیشتووی پارێزگای(هەڵەبجە)ن.

**6- پیشە**

خشتەی(8) پیشەی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | پیشە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بێکار | 62 | %10.7 |
| 2 | قوتابی | 147 | %25.3 |
| 3 | فەرمانبەری حکومی | 65 | %11.2 |
| 4 | کەرتی تایبەت | 32 | %5.5 |
| 5 | فەرمانبەری گرێبەست | 24 | %4.1 |
| 6 | کاری ئازاد | 40 | %6.9 |
| 7 | ئافرەتی ماڵ | 70 | %12.1 |
| 8 | مامۆستا | 45 | %7.8 |
| 9 | پێشمەرگە | 66 | %11.4 |
| 10 | کرێکار | 9 | %1.6 |
| 11 | پیشەی تر | 20 | %3.4 |
| | کۆی گشتی | 580 | 100% |

وەك لە خشتەکەدا دیارە، ڕێژەی(10.7%) ئەو نمونانەن کە بێکارن، ئینجا ڕێژەی(25.3%) قوتابیین، دواتر ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن ڕێژەی(5.5%) پێک دەهێنن، هەروەها ڕێژەی(4.1%) فەرمانبەری گرێبەست و، ڕێژەی(6.9%) کاری ئازاد و، ڕێژەی(12.1%) ئافرەتی ماڵن، لەلایەکی تر ئەوانەی مامۆستان ڕێژەی(7.8%)، پێشمەرگە ڕێژەی(11.4%)، کرێکار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەی(1.6%) و لە کۆتاییدا ئەوانەی پیشەی تر ئەنجام دەدەن ڕێژەی(3.4%) کۆی نمونەکانی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

## 7- داهاتی مانگانەی خێزان

خشتەی(9) داهاتی مانگانەی خێزانی نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | داهاتی مانگانەی خێزان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەمتر لە 500,000 دینار | 205 | %35.3 |
| 2 | 1000,000-500,000 | 289 | %49.8 |
| 3 | 1500,000-1001,000 | 54 | %9.3 |
| 4 | 2000,000-1501,000 | 10 | %1.7 |
| 5 | 2500,000-2001,000 | 7 | %1.2 |
| 6 | 3000,000-2,501,000 | 7 | %1.2 |
| 7 | زیاتر لە 3001,000 دینار | 8 | %1.4 |
| | کۆی گشتی | 580 | 100% |

لە خشتەی سەرەوەدا ڕووندەبێتەوە ڕێژەی(35.3%) ئەو گەنجانەن داهاتیان لە(500.000) کەمترە، هەروەها ڕێژەی(49.8%) داهاتیان لە نێوان(501.000-1.000.000) دایە، ئینجا ڕێژەی(9.3%) داهاتیان لە نێوان(1.001.000-1.500.000)، ڕێژەی(1.7%) داهاتیان لەنێوان(1.501.000-2.000.000)، هەروەها ڕێژەی(1.2%) داهاتیان لە نێوان(-2.001.000 2.500.000) دایە، ئینجا ڕێژەی(1.2%) ئەوانەن داهاتیان لەنێوان(-2.5001.000 3.000.000) دایە، لە کۆتاییدا ئەوانەی داهاتیان لە سێ ملیۆن زیاترە ڕێژەی(1.4%)ی کۆی گشتی نمونەکانی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

## 8- ماوەی بەکارهێنانی تیکتۆك لە ڕۆژێکدا

خشتەی(10) ماوەی بەکارهێنانی کاتژمێرەکانی ڕۆژانەی تیکتۆك ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | بەکارهێنانی ڕۆژانەی تکتیۆك بەکاتژمێر | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەمتر لە کاتژمێرێك | 181 | %31.2 |
| 2 | 1-2 کاتژمێر | 230 | %39.7 |
| 3 | 3-4 کاتژمێر | 121 | %20.9 |
| 4 | 5-6 کاتژمێر | 31 | %5.3 |
| 5 | زیاتر لە(7) کاتژمێر | 17 | %2.9 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

لە خشتەی سەروە بەدیار دەکەوێت، ڕێژەی(31.2%) ڕۆژانە کەمتر لە کاتژمێرێك ، ڕێژەی(39.7%) یەك تا دوو کاتژمێر، هەروەها ڕێژەی(29.9%) ڕۆژانە سێ تا چوار کاتژمێر ، ڕێژەی(5.3%) پێنج تا شەش کاتژمێر ، لە کۆتاییدا ڕێژەی(2.9%) ڕۆژانە زیاتر لە حەوت کاتژمێر تیکتۆك بەکار دەهێنن.

## 9- کاتی بەکارهێنانی تیکتۆك

خشتەی(11) بەکارهێنانی کاتەکانی تیکتۆك بۆ نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | کاتەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەیانیان | 8 | %1.4 |
| 2 | ئێواران | 18 | %3.1 |
| 3 | شەوان | 212 | %36.6 |
| 4 | هەرکاتێك بۆم گونجاو بوو | 342 | %59.0 |
| | کۆی گشتی | 580 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوەدا ڕووندەبێتەوە ڕێژەی(1.4%) لە کاتی بەیانیان، ڕێژەی(3.1%) ئێواران، ڕێژەی(36.6%) شەوان، هەروەها ڕێژەی(59.0%) هەر کاتێك بۆیان گونجاو بوو، تیکتۆك بەکار دەهێنن.

## 10- جۆری بوار و ڤیدیۆ پەسەند کراوەکان لە تیکتۆك

خشتەی(12) بوارە پەسەندکراوەکانی تیکتۆك بۆ نمونەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژمارە | بوارە پەسەنکراوەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵایەتی | 71 | %12.2 |
| 2 | سیاسی | 14 | %2.4 |
| 3 | ئابوری | 5 | 0%.9 |
| 4 | ئاینی | 84 | %14.5 |
| 5 | تەندروستی | 15 | %2.6 |
| 6 | کۆمیدیا | 61 | %10.5 |
| 7 | وەرزشی | 49 | %8.4 |
| 8 | هونەری | 23 | %4.0 |
| 9 | پەروەردەوفێرکردن | 16 | %2.8 |
| 10 | فێرکاری چێشت لێنان/شیرنەمەنی | 44 | %7.6 |
| 11 | زیاتر لە بوارێك | 167 | %28.8 |
| 12 | بورای دیکە | 31 | %5.3 |
|  | کۆی گشتی | 580 | 100% |

لە خشتەکەدا، ئەوانەی زیاتر(بواری کۆمەڵایەتی)یان بەلاوە پەسەندە ڕێژەی(12.2%)، ئەوانەی(بواری سیاسی) ڕێژەی(2.4%)، ئەوانەی(بواری ئابوری) ڕێژەی(0.9%)، ئەوانەی (بواری ئاینی) ڕێژەی(14.5%)، ئەوانەی(بواری تەندروستی) ڕێژەی(2.6%)، ئەوانەی(بواری کۆمیدیا) ڕێژەی(10.5%)، ئەوانەی( بواری وەرزشی) ڕێژەی(8.4%)، ئەوانە( بواری هونەری) ڕێژەی(4.0%)، ئەوانەی(بواری پەروەردەوفێرکردن) ڕێژەی(2.8)، ئەوانەی(بواری فێرکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چێشت لێنان/شیرنەمەنی) ڕێژەی(7.6%)، ئەوانەی(زیاتر لە بوارێك) ڕێژەی(28.8%)، هەروەها ئەو نمونانەی(بواری دیکە)یان هەڵبژاردوە، ڕێژەی(5.3%)ی کۆی گشتی نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن

### 7-2. تاقیکردنەوەی گریمانەکان

- گریمانەی یەکەم: گەنجان هێندەی تیکتۆك بۆ بەسەربردنی کات بەکار دەهێنن، هێندە بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن بەکاری ناهێنن.

لێرەدا بۆ سەلماندن یاخود ڕەتکردنەوەی گریمانەکە لە ڕێگای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو، ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکەکەیان لەگەڵ بەسەربردنی کات و خۆ ڕۆشنبیرکردن دەگونجێت جیا کراوەتەوە.

گرووپی(A): ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەسەربردنی کات یەک دەگرێتەوە

خشتەی(13) ئەو بڕگانەی کە ناوەڕۆکەکەیان لەگەڵ بەسەربردنی کات یەک دەگرێتەوە ڕوون دەکاتەوە.

| ژ | بڕگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی | ئاستی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چێژ لە ڤیدیۆ و بوارە جیاوازەکانی تیکتۆك وەردەگرم. | 3.34 | 1.080 | 66.8% | ناوەند |
| 2 | زۆرێك لە گەنجان کاتەکانیان بە سەیرکردنی لایڤەکانی تیکتۆك بەسەر دەبەن | 2.69 | 1.428 | 53.8% | ناوەند |
| 3 | لە ڕێگای تیکتۆکەوە. دەتوانم ناوبانگ پەیدا بکەم و بناسرێم. | 2.66 | 1.336 | 53.2% | ناوەند |
| 4 | هاوڕێ و کەسە نزیکەکانم تیکتۆك بەکار دەهێنن، بۆیە منیش بەکاری دەهێنم | 2.78 | 1.189 | 55.6% | ناوەند |
| | کۆی گشتی | 2.86 | 1.258 | 57.35% | ناوەند |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ناوەندی ژمێرەیی کۆی گشتی تایبەت بەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەسەربردنی کات یەک دەگرێتەوە، بریتییە لە(2.86) و کەمترە لە ناوەندی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمێرەیی گریمانەکراو، کە بریتییە لە ژمارە(3)، هەروەها داتاکان بەرێژەی(57.25%) و ئاستی(ناوەند) ئەوەمان پێ دەڵێن نمونەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکاندا نیین.

گرووپی(B): ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ خۆ ڕۆشنبیرکردن یەک دەگرێتەوە

خشتەی(14) ئەو بڕگانەی کە ناوەڕۆکەکەیان لەگەڵ خۆ ڕۆشنبیرکردن یەک دەگرێتەوە ڕوون دەکاتەوە.

| ژ | بڕگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی | ئاستی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەتوانم بەزوویی هەواڵە جۆراوجۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە تیکتۆک وەربگرم. | 2.84 | 1.188 | 56.8% | ناوەند |
| 2 | تیکتۆک دەرفەتی دەرخستنی توانا و لێهاتووییەکانم بۆ دەرەخسێنێت. | 3.30 | 1.225 | 66% | ناوەند |
| 3 | تیکتۆک ڕێگایەکە بۆ ئەوەی هۆشیاری و زانیاری زیاتر بەدەستبهێنم. | 2.98 | 1.149 | 59.6% | ناوەند |
| 4 | بەمەبەستی بازاڕکردن و بەدەستهێنانی کاڵای پێویست پشت بە تیکتۆک دەبەستم | 3.47 | 1.186 | 69.4% | بەرز |
| 5 | تیکتۆک ڕێگاو شێوازی جیاواز و ئاسانی هەیە بۆ فێربوونی زمانی نوێ. | 2.93 | 1.193 | 58.6% | ناوەند |
| 6 | تیکتۆک دەرفەتی دەستکەوتنی کار و پیشەت بۆ دەرەخسێنێت | 3.41 | 1.109 | 68.2% | بەرز |
| 7 | لە تیکتۆک دەتوانم ئاسانتر زانیاریی و مەبەستەکانم بگەیەنم. | 3.07 | 1.146 | 61.4% | ناوەند |
| 8 | تیکتۆک بەکار دەهێنم بۆ سود وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتنی کەسانی تر لە بوارە جیاوازەکاندا. | 2.82 | 1.171 | 56.4% | ناوەند |
| | کۆی گشتی | 3.10 | 1.170 | 62.0% | ناوەند |

لە خشتەکەدا ڕوون دەبێتەوە، ناوەندی ژمێرەیی کۆی گشتی بڕگەکانی تایبەت بەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ خۆ ڕۆشنبیرکردن یەک دەگرێتەوە بریتییە لە(3.10)، ئەمەش گەورەترە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو کە بریتییە لە ژمارە(3)، هەروەها ڕێژەی(62.0%) و بە ئاستی(ناوەند)ی بڕگەکان مانای ڕازیبوونی نمونەکانی توێژینەوەکە لەبارەی ناوەڕۆکی بڕگەکان بەدەستەوە دەدەن.

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە(13،14) دەردەکەوێت، گەنجان تیکتۆك کەمتر بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات و زیاتر بۆ مەبەستی خۆ ڕۆشنبیرکردن بەکار دەهێنن. بەم شێوەیە گریمانەی توێژینەوەکە ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی جێگرەوە وەردەگرین، کە دەڵێت: گەنجان هێندەی تیکتۆك بۆ مەبەستی خۆ ڕۆشنبیرکردن بەکار دەهێنن، هێندە بۆ بەسەربردنی کات بەکاری ناهێنن.

- گریمانەی دووەم: تیکتۆك پەرەی بە ڕەفتاری ناکۆك بە یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان داوە لای گەنجان.[1]

خشتەی(15) ئەو ڕەفتارانەی تیکتۆك پەرەی پێداوە لای گەنجان ڕوون دەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لە تیکتۆکدا ڕەفتاری وام بەرچاوکەتووە، وام لێهاتووە متمانە بە کەس و کاری خۆشم نەکەم | 3.31 | 1.269 | 66.2% | ناوەند |
| 2 | بە مەبەستی بەدەستهێنانی بینەری زیاتر، ڕەفتاری جیاواز ئەنجام دەدەم. | 2.37 | 1.288 | 47.4% | لاواز |
| 3 | جاری وا هەبووە فریوم خواردووە، بە ڤیدیۆ و هەواڵە ساختەکانی ناو تیکتۆك. | 2.89 | 1.268 | 57.8% | ناوەند |
| 4 | لەسەر ڕەفتار و گوفتارەکانی تیکتۆك، هەڕەشەم لێ کراوە | 2.02 | 1.103 | 40.4% | لاواز |

[1] ) تەواوی بڕگەکانی ئەم تەوەرە لەگەڵ ناوەڕۆکی گریمانەکە یەکدەگرنەوە، بۆیە هاوشێوەی تەوەری یەکەم و سێیەم دابەشنەکراو بۆ دوو گرووپی جیاواز.

# گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | زۆر کەسم بینیوە لە ڕێگای تیکتۆکەوە فێری هەندێك کردەوەی نەشیاوی، وەکو جگەرەکێشان و خواردنەوەی ماددە کحولییەکان بووە. | 3.41 | 1.303 | 68.2% | بەهێز |
| 6 | کاتێك تیکتۆك بەکار دەهێنم، هەوڵ دەدەم شوناسم بشارمەوە و ئەوەندەی بتوانم بەزمانی بیانی وەکو ئینگلیزی و عەرەبی قسەبکەم | 2.55 | 1.150 | 51% | ناوەند |
| 7 | هەندێک جار هەست بە ترس دەکەم، لەبەر ئەو ڕەفتارە توندوتیژ و تاوانکارییانەی لە تیکتۆکدا دەیانبینم. | 3.13 | 1.222 | 62.6% | ناوەند |
| 8 | زۆرجار گەنجانی نێو تیکتۆك بڕیار(حکم)ی نەشیاو بەسەر یەکتریدا دەسەپێنن | 3.52 | 1.304 | 70.4% | بەهێز |
| 9 | لاسایی ئەو کەسانە دەکەمەوە، کە لە تیکتۆکدا دەیانبینم | 2.00 | 1.025 | 40% | لاواز |
| 10 | زۆر جار ئەو زمانە زبر و قسە نەشیاوانە لە ژیانی ڕۆژانەمدا بەکار دەهێنم، کە گەنجان لە تیکتۆکدا بەکاری دەهێنن | 2.27 | 1.201 | 45.4% | لاواز |
| 11 | زۆر جار لە تیکتۆکدا نهێنییە کەسییەکان باس دەکرێن | 3.32 | 1.316 | 66.4% | ناوەند |
| 12 | لە تیکتۆکدا تا شتێکی ئاسایی دەبینی، بەدەیان ڕەفتار و گوفتاری نامۆ بەداب و نەریتی کۆمەڵگا دەبینی. | 3.52 | 1.207 | 70.4% | بەهێز |
| 13 | بینیومە، کە بەکارهێنەرانی تیکتۆک ڕێزی بەرامبەرەکانیان ناگرن چی بە دەمیاندا دێت نایگێڕنەوە | 3.50 | 1.296 | 70% | بەهێز |
| 14 | لەوەتەی تیکتۆک بەکار دەهێنم وەک جاران لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەمدا چالاک نیم. | 2.76 | 1.212 | 55.2% | ناوەند |
| 15 | بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ترێندە نوێیەکانی تیکتۆك دەکەم، بەکاریان دەهێنم. | 2.23 | 1.172 | 44.6% | لاواز |
| 16 | لەوەتەی تیکتۆک بەکار دەهێنم هەست بە خۆم دەکەم، کە زوو تورە دەبم. | 2.44 | 1.138 | 48.8% | لاواز |
| 17 | مرۆڤ زۆر وریا نەبێت، تیکتۆک بەلارێیدا دەبات. | 3.67 | 1.225 | 73.4% | بەهێز |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 18 | بە کەسایەتییەکانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆک سەرسامم | 2.22 | 1.073 | 44.4% | لاواز |
| | کۆی گشتی | 2.84 | 1.209 | 56.8% | ناوەند |

لە خشتەی سەرەوەدا ڕوون دەبێتەوە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی کۆی بڕگەکانی تەوەرەکە بریتییە لە(2.84)، لادانی پێوەری(1.209)، ڕێژەی سەدی(56.8%) و ئاستی ناوەند، بە ڕێژەیەکی کەم بچوکترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو، واتا زۆربەی نموونەکانی توێژینەوەکە لە گەڵ ئەوەدا نین بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەرەوی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ناکۆك بە یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دابێت لای گەنجان و لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکان نین، بۆیە گریمانەی توێژینەوەکە ڕەت دەکەینەوە و گریمانەی سفری کە بریتییە لە(تیکتۆك پەرەی بە ڕەفتاری گونجاو لەگەڵ یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجان نەداوە) وەردەگرین.

- گریمانەی سێیەم:- تیکتۆك بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بە یەکتری و دەوروبەری.

هاوشێوەی گریمانەی یەکەم، بڕگەکانی ئەم تەوەرە دابەش کراوە بەسەر ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەک دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری یەک دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گرووپی(A): ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان یەک دەگرێتەوە

خشتەی(16) تایبەت بە ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان یەک دەگرێتەوە ڕوون دەکاتەوە.

| ژ | بڕگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی | ئاستی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لەوەتەی تیکتۆک بەکار دەهێنم، هێندە دەچمە سەر خەت لەگەڵ هاوڕێ و خزمان، پێویست ناکات سەردانیان بکەم. | 2.19 | .970 | 43.8% | لاواز |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | لە وەرگرتنی هاوڕێ و دروستکردنی پەیوەندی لە تیکتۆك هەستیارم و هەموو کەس وەرناگرم. | 3.44 | 1.005 | 68.8% | بەهێز |
| 3 | زۆر هاوڕێم بینیوە، بەهۆی تیکتۆکەوە پەیوەندییان نەماوە لەگەڵ یەکتری. | 3.02 | 1.083 | 60.4% | ناوەند |
| 4 | لەوەتەی تیکتۆک بەکار دەهێنم، پەیوەندییم بە ئەندامانی خێزانەکەمەوە وەک جاران گەرموگوڕ نین. | 2.14 | .827 | 42.8% | لاواز |
| 5 | کەسوکارم بەلایانەوە ئاسایی نییە، کە تیکتۆک بەکار دەهێنم | 2.68 | 1.219 | 53.6% | ناوەند |
| 6 | تەنانەت لە میوانداریەکانیشدا ئەگەر سەیرێکی تیکتۆک نەکەم، وا دەزانم شتێکم لێ بزربووە. | 2.29 | 1.179 | 45.8% | لاواز |
| 7 | هەر کاتێک تیکتۆک بەکار دەهێنم، دەچمە دنیایەکی تر و ئاگام لە دەروبەرم نامێنێت. | 2.57 | 1.230 | 51.4% | لاواز |
| 8 | ئەگەر بە هەر هۆکارێکەوە بێت نەتوانم تیکتۆك بەکار بهێنم، بێزار و بێ تاقەت دەبم. | 2.40 | 1.142 | 48% | لاواز |
| 9 | لەوەتەی تیکتۆک بەکار دەهێنم، تێکەڵاوی ڕاستەوخۆم لەگەڵ خەڵکیدا کەمتر بۆتەوە | 2.48 | 1.196 | 49.6% | لاواز |
| 10 | زۆربەی هاوڕێیانی تیکتۆك ڕووبەڕوو ناناسم | 2.96 | 1.351 | 59.2% | ناوەند |
| | کۆی گشتی | 2.61 | 1.120 | 52.34% | ناوەند |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ناوەندی ژمێرەیی کۆی بڕگەکانی تەوەرەکە بریتییە لە(2.61) و بچوکترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو، بەلادانی پێوەری(1.120)، ڕێژەی سەدی(52.34%) و ئاستی ناوەند، ئەم ڕێژەیە ئەوە دەسەلمێنێت، کە نموونەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوە دانین بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجانی لەگەڵ یەکتری و دەورووبەری لاواز کردبێت.

گرووپی(B): ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان یەک دەگرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(17) تایبەت بەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان یەک دەگرێتەوە ڕوون دەکاتەوە.

| ژ | بڕگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی | ئاستی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لەوەتەی تیکتۆك بەکار دەهێنم، ڕێزی زیاتر لە ڕەگەزی بەرامبەر دەگرم. | 3.65 | .724 | 73% | بەهێز |
| 2 | تیکتۆك وای کردووە، کە بەشداری زیاتر لە چالاکیيە کۆمەڵایەتی، گروپە خۆبەخش و خێرخوازییەکاندا بکەم. | 3.67 | .748 | 73.4% | بەهێز |
| 3 | تیکتۆك وای کردووە کولتووره جیاوازەکان بناسم و، تێکەڵیان ببم | 3.68 | .701 | 73.6% | بەهێز |
| 4 | زۆر کەسی پێویست، وەکو نەخۆش و هەژارم بینیوە، لە ڕێگای تیکتۆکەوە هاوکاری کراوە. | 3.23 | .683 | 64.6% | ناوەند |
| 5 | تیکتۆك بۆتە هۆکارێك، لە ڕێگایەوە گەنجان پرۆسەی هاوسەرگیری و پەیوەندی خۆشەویستی دروست بکەن. | 3.27 | 1.003 | 65.4% | ناوەند |
| | کۆی گشتی | 3.5 | 0.771 | 70% | بەهێز |

لە خشتەی سەرەوەدا ڕوون کراوەتەوە، ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی کۆی بڕگەکانی تەوەرەکە بریتییە لە(3.5)، ئەم ڕێژەیەش گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو، بە لادانی پێوەری(0.771)، ڕێژەی سەدی(70%) و ئاستی بەهێز، ئەم داتایانە ئەوە دەخەنە ڕوو، نمونەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکانی ئەم گرووپەدان و پێیان وایە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بووەتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆری گەنجان، هاوشێوەی هاوڕێیەتی، خۆشەویستی و تەنانەت هاوسەرگیریش.

بە سەرەنجدان لە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی کۆی بڕگەکانی هەردوو خشتەی ژمارە(16،17)، بۆمان دەردەکەوێت تیکتۆك ئەوەندەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێز کردووە، ئەوەندە لاوازی نەکردووە، بۆیە گریمانەی توێژینەوەکە ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سفری، کە دەڵێت:(تیکتۆك پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بە یەکتری و دەوروبەری لاواز نەکردوە) وەردەگرین.

## 8- ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

### 8-1. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە گوێرەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**1- زانینی هۆکارو مەبەستەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان.**

**أ- بەکارهێنانی تیکتۆك بە مەبەستی بەسەربردنی کات:**

بەگوێرەی وەڵامی نمونەکانی توێژینەوەکە، زۆربەی نمونەکانی توێژینەوەکە، کەمتر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات بەکاردەهێنن، چونکە دەرکەوتووە ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ بەسەربردنی کات دێتەوە، ناوەندی ژمێرەیی(2.86) و ڕێژەی(57.33%)ی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بە ڕێژەی(66.8%) پێیان وایە چێژ لە کورتە ڤیدیۆ و بوارە جیاوازەکانی تیکتۆك وەردەگرن و هۆکارێکە بۆ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە.

**ب- بەکارهێنانی تیکتۆك بەمەبەستی خۆڕۆشنبیرکردن:**

زۆربەی نمونەکانی توێژینەوەکە تیکتۆك بەمەستی خۆڕۆشنبیرکردن لە بوار جۆربەجۆرەکان و دڵخوازەکانیان بەکاردەهێنن، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ئەو بڕگانەی ناوەڕۆکیان لەگەڵ خۆڕۆشنبیرکردن یەکدەگرێتەوە، بریتییە لە(3.10) و بەڕێژەی(62.0%)، بەتایبەتی بەمەبەستی بازاڕکردن و بەدەستهێنانی کاڵای پێویست بەڕێژەی(69.4%) و بەکارهێنانی بۆ دەستکەوتنی کار و پیشە بەڕێژەی(68.2%).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2- زانینی ڕێژە و کاتی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان.**

سەبارەت بە ئاست و ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لای نمونەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوتووە زۆربەی نمونەکانی توێژینەوەکە بەڕێژەی(39.7%) ڕۆژانە(1-2) کاتژمێر بەکارهێنەری ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەن، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی جیاوازی تر بوونیان هەیە و لەناو گەنجاندا بڵاوە، بەکارهێنانی(1-2) کاتژمێر ڕۆژانەی تیکتۆك دەکرێت بڵێین ڕێژەیەکی بەرزە، ئینجا ڕێژەی(31.2%) کەمتر لە کاتژمێرێك و، ڕێژەی(20.9%) سێ تا چوار کاتژمێر و، ئەوانەی(5-6)کاتژمێر ڕێژەی(5.3%)، هەروەها ئەو نمونانەی کە ڕۆژانە زیاتر لە(7) کاتژمێر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکار دەهێنن، ڕێژەی(2.9%)، کۆی گشتی نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

لە لایەکی تر، سەبارەت بەکاتەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان دەرکەوتووە، ئەو نمونانەی(هەرکاتێك بۆم گونجاو بوو) یان هەڵبژاردوە، بە ڕێژەی(59.0%) بەشی هەرەزۆری کۆی نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هەروەها ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەو نمونانەی کاتی(شەوان)یان هەڵبژاردوە و تیایدا تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکاردەهێنن، بەڕێژەی(36.6%) کۆی گشتی نمونەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، ئینجا کاتی ئێواران ڕێژەی(3.1%) و، کاتی بەیانیان ڕێژەی( 1.4%) کۆی گشتی کاتەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان پێکدەهێنێت.

**3- دیاریکردنی دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان لەسەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان.**

سەبارەت بەئاکامەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجانی هەرێمی کوردستان، دەرکەوتووە گەنجانی هەرێمی کوردستان لەکاتی بەکارهێنانی تیکتۆکدا کەمتر ڕەفتاری ناکۆك بەیاسا و دژی کولتووری باوی کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن، واتا هێشتا گەنجان تاڕادەیەك وابەستەن بە بەها کولتووری و پێوەرە یاساییەکان لەکاتی بەکارهێنانی تیکتۆکدا، چونکە تەواوی بڕگەکانی تایبەت بەم ئامانجە ناوەڕۆکێکی ناکۆك بەیاسا و کولتووریان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی کۆی تەوەرەکە بریتییە لە(2.84) و بەڕێژەی سەدی(56.8%)، هەرچەندە گەنجانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی(73.4%)پێیان وایە ئەگەر ئاگادار نەبیت تیکتۆك بەلاڕێدا دەبات، هەروەها بەڕێژەی(70.4%) گەنجان زۆر جار ڕەفتاری نامۆ بەداب و نەریتی کۆمەڵگا لە تیکتۆك دەبینن، بەڵام بەگوێرەی وەڵامی نمونەکانی توێژینەوەکە، زۆربەی گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕەفتارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و داب ونەریتدایە.

**4- دەستنیشانکردنی دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لای گەنجان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان.**

أ- ئاکامەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری:

سەبارەت بەئاکامەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەسەر لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری، ئەوا گەنجانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ڕازیبوونی(52.34%) و ناوەندی ژمێرەیی(2.61) ئەوەمان پێدەڵێت، تیکتۆك نەبۆتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەریان، بەشێوەیەکی گشتی ئاکامەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك ئەوەندە قوڵ نەبوونەتەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان بپچڕێنێت یاخود کاڵیان بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەنجانی کوردستان بە ڕێژەی(68.8%) هەستیارن لەوەر گرتنی هاوڕێی نوێ لە تیکتۆك بەتایبەتی ئەوانەی ئاشنا نین پێیان و نەناسراون.

ب- ئاکامەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك لەسەر بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری:

سەبارەت بە ئاکامەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری، دەرکەوتووە گەنجانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ڕازیبوونی(70%) و ناوەندی ژمێرەیی(3.5) تیکتۆك وەکو دەروازەیەك بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی هاوشێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداریکردن لە گرووپە جۆربەجۆرە خێرخوازی و خۆبەخشەکان، ڕێزگرتنی زیاتر لە ڕەگەزی بەرامبەر، هاوڕێیەت و تەنانەت هاوسەرگیریش بەکاردەهێنن، بەتایبەتی تێکەڵبوون و ناسینی کولتووری جیاواز ڕێژەی بەرزی ڕازیبوونی گەنجانی بە(73.6%) بەدەستهێناوە، واتا تیکتۆك ڕێگایەکی کراوەیە بۆ گەنجان بۆ ئاشنا بوون بە داب و نەریتی جیاواز و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ.

ئەو ئەنجامانەی سەرەوە لەبارەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەمەبەستی هەریەکە لە کات بەسەربردن و خۆڕۆشنبیرکردن، هەروەها ئاکامەکانی لەسەر ڕەفتار و پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بەیەکتری و دەوروبەری جێگەی سەرنج و تێڕامانن، بەتایبەت کە پێچەوانەی تێڕوانینی گشتی و ڕەنگە ئەزموونی زۆرێك لە ئێمە بن سەبارەت بەو ڕەفتار و دیمەنانەی ڕۆژانە لە تیکتۆك دەیانبینین، چەند هۆکارێکی گریمانەیی هەن کە لەوانەیە ئەم جیاوازییە لە نێوان ئەنجامی توێژینەوەکە و واقیعی هەستپێکراودا ڕوون بکەنەوە، لەوانە سروشتی نمونەکانی توێژینەوەکە، چونکە دەرکەوتووە ڕێژەی(41.7%) نمونەکانی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی(بەکالۆریۆس)ن، هەروەها بەڕێژەی(25.3%) قوتابیین لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و بەرزترین جۆری پیشە پێکدەهێنن، ئەم ئاستە لەخوێندەواری و جۆری پیشەیە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری بیرکرنەوەی گەنج، لەلایەکی تر نمونەکانی توێژینەوەکە ڕەنگە حەز بکەن وێنەیەکی باشتر و ڕۆشنبیرتر بۆ خۆیان دروست بکەن، داننان بەوەی کاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدەن لە تیکتۆك یان ئەوەی کە ئەم پلاتفۆرمە دووری خستوونەتەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان، ڕەنگە لەلایان پەسەند نەبووبێت، بۆیە لەوانەیە زیاتر جەختیان لەسەر بەکارهێنانی تیکتۆك بۆ (خۆڕۆشنبیرکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی) کردبێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمە بەشێکی کەمی بەکارهێنانەکەشیان پێکبهێنێت.

جگە لەوە، ڕەنگە تێگەیشتنی جیاواز هەبێت لەنێوان نمونەکانی توێژینەوەکە، لەبارەی دەستەواژەکانی وەکو( بەسەربردنی کات، خۆڕۆشنبیرکردن، ڕەفتار، بەهێزکردن و لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی) بۆ نمونە دەکرێت هەندێك لەنمونەکانی توێژینەوەکە پێیان وابێت

ئاگاداربوون لە ترێندە نوێیەکانی تیکتۆك بەشێك بێت لە خۆرۆشنبیرکردن، یاخود ناردنی کورتە ڤیدیۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك و بەشداریکردن لەلایڤ و سەرکێشییەکانی تیکتۆك بۆ هاورێیان، بە بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لێکبداتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تیکتۆك پلاتفۆرمێکی زۆر هەمەڕەنگە، تێیدا بابەتی فێرکاری، زانستی و هونەری هەیە، هەروەك چۆن بابەتی کات بەسەربردن و گاڵتە، کۆمیدیای تێدایە، ڕەنگە نمونەکانی توێژینەوەکە بەڕاستی بەشێکی بەرچاوی کاتەکەیان بۆ لایەنە سوودبەخشەکەی تیکتۆك بەکاربهێنن، یان لانی کەم وا هەست بکەن، لەلایەکی تر بەهۆی دەوڵەمەندی تیکتۆك و فرەچەشنی بوارەکانی، دەکرێت لە ئێستادا زیاتر بەئاراستەی خۆرۆشنبیرکردن و تەنانەت بوون بە سەرچاوەی بژێوی بەشێك لەگەنجان هەنگاو بنێت.

دووەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە گوێرەی تیۆرە بەکارهاتووەکان و توێژینەوەکانی پێشوو بەگوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە دەستکەوتووە، گەنجانی هەرێمی کوردستان زۆربەی بوار و کورتەڤیدیۆکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك سەرەنجیان ڕادەکێشێت و سودی لێوەر دەگرن، بەشێوەیەك ڕێژەی(28.8%) گەنجان زیاتر لە بوارێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك سەیر دەکەن و بەلایانەوە پەسەندە، ئەمەش لەگەڵ تایبەتمەندی گشتگیری و فرەجۆری تیکتۆك یەکدەگرێتەوە، لەلایەکی تر ڕێژەی(14.5%) بواری ئاینی و ڕێژەی(12.2%) بواری کۆمەڵایەتی بەلایانەوە سەرەنج ڕاکێشە، ئەم ئەنجامە لە گەڵ(تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) یەکدەگرێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە تاکەکان لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر لەجۆر و بوارێکی جیاواز بەکاردەهێنن و سەرەنجیان ڕادەکێشێت، ئەمەش نزیکە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی (محمد 2022)، چونکە تیایدا هەریەکە لە بوارەکانی هەواڵ و کۆمیدیا وەك بەشێك لە بوارە گرنگەکانی تیکتۆك، لە ڕیزبەندی یەکەمینی بوارە پەسەند کراوەکانی نمونەی توێژینەوەکەی دێت.

یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، نمونەکانی توێژینەوەکە لەکاتی جیاواز و بە چەندییەتی جیاواز تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك(59.0%)ی نمونەکان هەرکاتێك بۆیان گونجاو بوو، ڕێژەی(36.6%) شەوان تیکتۆك بەکاردەهێنن، هەروەها لە ڕووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندیەتییەوە گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی(39.7%)یان ڕۆژانە(2-1) کاتژمێر تیکتۆك بەکاردەهێنن، جیاوازی لە نێوان گەنجا هەیە لە ڕووی کات و چەندییەتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك، ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕاوی( تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، شوێنی نیشتەجێبوون و داهاتی خێزان)، ئەم ئەنجامە لەگەڵ هەردوو تیۆری(تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن، تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) یەکدەگرێتەوە، چونکە لەڕوانگەی هەردوو تیۆرەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕاوی جیاواز پێداویستی جیاواز دروستدەکات، ئەمەش وادەکات تاکەکان بەڕێژەی جیاواز و کاتی جیاواز تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن و پشتی پێ ببەستن، سەبارەت بەتوێژینەوەکانی پێشوو ئەم ئەنجامە نزیکە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی(کنزة 2020 و محمد 2022)، ئەنجامی ئەم توێژینەوانە ئەوەیان دەرخستووە گەنجان بە ڕێژە و ئاستی جیاواز هەروەها لەکاتی جیاواز تیکتۆك بەکار دەهێنن.

ئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە گەنجان بەهۆکار و مەبەستی جیاواز تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك بەڕێژەی(62.0%) تیکتۆك زیاتر بۆ مەبەستی خۆرۆشنبیرکردن و کەمتر بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات بەکاردەهێنن، ئەم ئەنجامە لەگەڵ(تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن) یەکدەگرێتەوە، بەشێوەیەك ئەم تیۆرە پێیوایە تاکەکان هۆکار و مەبەستی جیاوازیان هەیە لەبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەنجامی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، سەرەڕای ئەوە لەگەڵ(تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) یەکدەگرێتەوە، چونکە بەگوێرەی ئەم تیۆرە پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕوودەدات، لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ تێرکردنی سێ ئامانجی سەرەکی کە بریتیین لە: تێگەیشتن، ئاراستەکردن و خۆشی و ڕابواردن، لەلایەکی تر ئەنجامی توێژینەوەکە نزیکە لە توێژینەوەکانی( Jaffar2019و العتيبي 2024) تیایدا نمونەکانی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك بەهۆکارو مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنن و پێداویستییە تایبەتییەکانیان بەهۆیەوە پڕدەکەنەوە و بەلایانەوە سەرەنج ڕاکێشە.

یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەلایەن گەنجانی هەرێمی کوردستان ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنج بەیەکتری و دەوروبەریانەوە هەیە، بەشێوەیەك بەڕێژەی ڕازیبوونی(56.8%) پێیان وایە تیکتۆك نەبۆتە هۆکارێك بۆ پەرەپێدانی ڕەفتاری ناکۆك بەیاسا و کولتووری کۆمەڵگا، بەڵکو بەگشتی ڕەفتاری گەنجان ئەرێنییە و توانیویانە سود و کەڵك لە تیکتۆك ببینن و ڕەفتاری بەجێ ئەنجام بدەن، سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهەمان شێوە نمونەکانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی ڕازیبوونی(70%) پێیان وایە تیکتۆك بۆتە هۆکارێك بۆ بەهێز بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەنجان بە یەکتری و دەوروبەریان، ئەم ئەنجامانە یەکدەگرنەوە لەگەڵ(تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن) چونکە ئەم تیۆرە پێیوایە ئاکامەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەشێکی گرنگ لە ڕاگەیاندنی گشتی بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستییەکان، بەتەنها ئاکامی نەرێنی لێناکەوێتەوە.

## 8-2. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1- زیادکردنی بابەتێکی سەربەخۆ لە وەزارەتی پەروەردە(قۆناغی ئامادەیی) بەناوی پەروەردەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی ئاشنابوون و وەرگرتنی ئەزموونی زیاتر لەبارەی سود وەرگرتن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان .

2- ڕاسپاردنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، دەستە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ کردنەوەی خول و هۆشیار کردنەوەی گەنجان لە چۆنییەتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك.

3- ڕاسپاردنی ڕاگەیاندنەکان بەگشتی بە ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی بابەتی سودبەخش و هەڵمەتی هۆشیاری، تیایدا ڕێنمایی گەنجان بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر سود لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك وەربگرن.

4- ڕاسپاردنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بۆ ئاگادرا کردنەوەی مامۆستایانی ئاینی بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی گەنجان و ڕونکردنەوەی پاداشت و سزای ئاینی لە شێوازی بەکارهێنانی تیکتۆك.

5- هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە(6)ی ساڵی(2008) تایبەت بە قەدەغە کردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان و، داڕشتنەوەی بەشێوەیەك لەگەڵ بارودۆخی کۆمەوڵگا و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجییەکان بگونجێت.

## 8-3. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لەخواروەدا گرنگترین ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی ببنە ڕێنیشاندەرێك بۆ ئەو توێژەرانەی دەیانەوێت توێژینەوە لەو بارەوە ئەنجامبدەن، ئەوانیش بریتیین لە:

1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تیکتۆك، بەڵام لە کۆمەڵگەی توێژینەوەی جیاواز وەکو هەرزەکاران.

2- ئەنجامدانی توێژنەوەیەکی تایبەت لەسەر ئاڵودەبوونی گەنجان بە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەی چۆنایەتی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو ڤیدیۆیانەی سەرەنجی گەنجان ڕادەکێشێت، لە تۆڕی کۆمەلایەتی تیکتۆك.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

جبار،شهلاء ولی( 2009 ) ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی گرفتی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر: توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە. نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەددین: هەولێر.

حسێن،شێرکۆ سەردار( 2023 )بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی گەنجان لەپارستنی ژینگە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر.

ڕەسووڵ، عێزەدین عەبدول سەمەد و صاڵح، هەردی زیاد(2024)کوالێتی ژیان لای لاوان- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگ، 7، ژمارە، 2: 324-308.
صادق، شاناز محمد (2021)ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی:توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە- قوتابیانی زانکۆی کوردستان بە نمونە. نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.
صالح، هەردی زیاد( 2024 ) پەیوەندی بەهاکانی لاوان بە کوالێتی ژیان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان. تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر.
عبدالله، اسراء مؤیدعلي و عبدالله،کوچر محمد( 2022 ) گرنگترین کاریگەرییە خراپەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی هۆکاری (FactorAnalysis). گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر، بەرگ، 26، ژمارە، 1: 49-27.
عزیز، سەرکەوت عبدالقادر( 2022 ) گەنج و گەشەپێدانی کلتوری دەرفەت و ئاڵەنگارییەکان: توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجییە لە شاری سلێمانی. نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی.
عوسمان، ماجد( 2021 ) ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق. دەستەی ئاماری هەرێم.
کوردستان-عێراق،هەرێم(2011)یاسای ژمارە(2)ی ساڵی 2011. ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، هەولێر، ژمارە، 126: 10-8.
کەریم، سەرتیپ وەیسی(2022)ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا. نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.
فتاح، میدیا ابراهیم( 2008 ) مظاهر التمرد الاجتماعي لدى الشباب: دراسة میدانیة في أقلیم کوردستان العراق. رسالة الماجستیر غیر منشورة، جامعة صلاح الدین/ اربیل.
محەمەد، مراد حکیم( 2004 ) ئاکامەکۆمەڵایەتییەکانی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعسدا. سلێمانی: کتێبخانەی سەنتەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرچاوە عەرەبییەکان**


- إسماعيل، إسراء عبدالكريم أحمد(2022) استخدام الأطفال في صناعة مقاطع الفيديو المصورة على تطبيق التيك توك. المجلة العربية لبحوث الاتصال، مصر، العدد، 1: 213-226.
- أحمد، منى السيد(2024) تأير وسائط التواصل الرقمية على مستوى الإغتراب الثقافي لدى الشباب المصري(التيك توك نموذجا). المجلة العلمية للبحوث الإذاعة والتلفزيون، العدد، 28: 205-269.
- البرجي، هشام(2024) أثر استخدام موقع التيك توك على جودة الحياة لدى الطفل المصري. المجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد، 88: 577-632.
- بركات، نجلاء إبراهيم(2023) التحديات والألعاب القاتلة عبر وسائل التواصل الاجتماعي. مجلة الشريعة والقانون، العدد، 42: 735-808.
- الثقفي، إبراهيم محمد علي(2021) التاثير الاجتماعي على مستخدمي تطبيق التيك توك من الشباب السعودي. مجلة علوم والاتصال، السعودية، العدد، 7: 29-88.
- جابر، شادية محمد(2024) تناول الدراما التليفزيونية لمخاطر استخدام الشابات لتطبيق التيك توك. مجلة البحوث الإعلامية، المجلد، 4، العدد، 72: 2238 -2294.
- جمعة، نجوى ابراهيم(2022) تعرض المراهقين لمقاطع الفيديو على تطبيق التيك توك وعلاقته بالتأثير على منظومة القيم لديهم. المجلة العربية للبحوث الإتصال والإعلام الرقمية، العدد، 1: 227-254.
- درويش، عبدالرحيم(2005) مقدمة الى علم الاتصال. دمياط: مكتبة نانسي.
- دنوره، امجد بهجت( 2023 ) علم اجتماع الشباب. بدرعا: جامعة دمشق.
- زيدان، مصطفى محمود(2023) مقاطع التيك توك وعلاقة مشاهدتها بالتأثيرات المختلفة على الجمهور المصري. مجلة البحوث الإعلامية، مصر، المجلد، 1، العدد، 65: 500-577.
- الشقرة، علي خليل(2014) الإعلام الجديد(الشبكات التواصل الاجتماعي). عمان: دار أسامة للنشر.
- شبية، شدوان علي(2016) الإعلان المدخل والنظرية. الإعلان المدخل والنظرية.
- العبد، نهى عاطف(2005) أطفالنا والقنوات الفضائية. القاهرة: دار الفكر العربي.
- عبدالحميد، محمد(2004) نظريات الاعلام واتجاهات التأثير. ط3، القاهرة: دار الكتب.
- عبدالمقتدر، وفاء مصطفى(2023) استخدام الشباب المصري لصفحات مؤثري مواقع التواصل الإجتماعي وعلاقته بجودة الحياة لديهم. مجلة الدراسات الأفروآسيوية، مصر، العدد، 6: 367-403.
- عبده، خالد جمال(2024) أبعاد استخدام أهل الصعيد لمنصة التيك توك في التعبير عن ذواتهم الشخصية والإجتماعية والثقافية. المجلة العربية لبحوث الإعلام والاتصال، العدد، 47: 352-401.
- العتبي، سارة و قطب، أفنان عبدالله(2024) التأثيرات االجتماعية لأصحاب بثوث التيك توك على قيم متابعيهم دراسة مسحية في إطار نظرية المسؤولية الاجتماعية. مجلة العلوم الاجتماعية والتطبيقية، السعودية، الجزء: 3، العدد: 1؛ 585-546.
- عريقات، أحمد علي محمد( 2008 ) دور التلفزيوني الاردني في توعية الشباب أثناء انتخابات البرلمانية عام 27 رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا: عمان.
- العلاق، بشير(2014) نظريات الإتصال- مدخل متكامل. عمان: دار اليازوري العلمية للنشر.
- العظمات، خديجة خيرالله(2022) تأثير تطبيق التيك توك على القيم الإجتماعية في المجتمع الأردني من وجهة النظر طلبة الجامعة. مجلة كلية التربية، جامعة عين الشمس، القاهرة، الجزء، 4، العدد، 46: 185-214.
- عمر، معن خليل(2004) مناهج البحث في العلم الإجتماع. عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.
- العنزي، ندى بنت جهاد الصالح و مسلم، هلا(2024) تأثير تطبيق التيك توك في نشر التطرف الفكري و دور المدرسة في التوعية بذالك من وجهة نظر طلبة المرحلة المتوسطة والثانوية في مدينة الرياض. المجلة السعودية للعلوم التربوية، السعودية، العدد، 14: 25-43.

- عيشور، نادية سعيد(2017) منهجية البحث العلمي في العلوم الإجتماعية. بسكرة: مؤسسة حسين رأس الجبل للنشر والتوزيع.
- عوسمان، ماجد( 2021 ) ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق. دەستەی ئاماری هەرێم.
- قرني، حياة بدر(2023) محددات تكوين اتجاهات المستهلك نحو الإعالنات عبر منصتي التيك توك والإنستجرام في ضوء نموذج قيمة الإعلان. المجلة العربية لبحوث الإعلام والاتصال، العدد، 42: 349-380.
- القليني، يوزان يوسف(1999) الاتصال وسائله ونظرياته. القاهرة: دار النهضة العربية.
- كعباش، عائشة(2018) أطروحات الدكتوراه في الإعلام والاتصال في الجامعات الجزائرية والفرنسية: دراسة تحليلية مقارنة 2000-2010. أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة الجزائر3: الجزائر.
- العتبي، سارة و قطب، أفنان عبدالله(2024) التأثيرات االجتماعية لأصحاب بثوث التيك توك على قيم متابعيهم دراسة مسحية في إطار نظرية المسؤولية الاجتماعية. مجلة العلوم الاجتماعية والتطبيقية، السعودية، الجزء: 3، العدد: 1؛ 585-546.
- كنزة، ولهي(2020) استخدام الشباب لتطبيق التيك توك والاشباعات المحققة منه. رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة محمد بوضياف، المسيلة.
- المطيري، عادل(2024) علاقة توظيف المحتوي الرائج بمواقع التواصل الاجتماعي (الترند) في البرنامج التليفزيوية بترتيب أجندة الجمهور نحو القضايا وتشكيل اجتاهاتهم نحوها. مجلة البحوث والدراسات الإعلامية، العدد، 28: 10-88.
- محمود، إنجي حلمي(2023) تعرض الشباب الجامعي لفيديوهات التيك توك وعلاقته بالرفاهية النفسية لديهم. المجلة المصرية لبحوث الإعلام، مصر، العدد، 85: 53-113.
- محمود، رائدة محمد( 2023 ).المسؤلية المدنية لمستخدمي النشر عبر مواقع التواصل الاجتماعي. مجلة الرافدين للحقوق، بغداد، المجلد، 23، العدد، 83: 143-196.
- محمد، ئازاد عبدالعزیز(2022) کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك لەسەر قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر. گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز، هەولێر، بەرگ، 11، ژمارە: 4؛ 544-557.
- محمد، سارة نصر(2023)إتجاهات النخبة المصرية نحو الجرائم الإلكترونية للمؤثرات على التيك توك ومقترح دمجهم في إطار هدف العمل الائق و نمو الاقتصاد. المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، مصر، المجلد، ، العدد، 3: 295-354.
- محمد، سارة نصر(2023)إتجاهات النخبة المصرية نحو الجرائم الإلكترونية للمؤثرات على التيك توك ومقترح دمجهم في إطار هدف العمل الائق و نمو الاقتصاد. المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، مصر، المجلد، 22، العدد، 3: 295-354.
- المعابره، أسيل أحمد(2023) اعتماد الشباب الجامعي الأردني على التيك توك للحصول على الإعلانات التجارية. مجلة قسم العلاقات العامة و الإعلان، الأردن، المجلد، 2، العدد، 2: 129-151.
- المغزازي، أمنة فرج( 2020 ) الشباب بين التحديث والحداثة. بنغازي: دار الكتب الوطنية.
- الواحد، زينب عبد العظيم(2022) استخدام المرأة الصعيدية لتطبيق التيك توك والإشباعات المتحققة منه. المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتلفزيون، مصر، المجلد، 24، العدد، 2: 515-560.
- الهادي، وليد محمد(2022) استخدامات مواقع التواصل الاجتماعي وعلاقتها بمستوى الشعور بالاكتئاب والوحدة النفسية لدى الشباب المصري. المجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد، 79: 1-47.
- يونس، أسماء عبدالمطلب بني(2018) دليل المبتدئ الى المناهج العامة في البحث العلمي. عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Agting, O., Suhartatik., and Pusparini, I.(2022) THE CHALLENGES OF USING TIK-TOK MEDIA ON SPEAKING CLASS. Jiurnal of English Language and Pedagigy, 5(1): 24-.29
- Ambran, N. S., Zainodin, W. H. W., AND Ali, M. N. M.(2024) AI SYSTEMS AND CONTENT MODERATION TIKTOK AS A DIGITAL SAFETY PLATFORM IN SHAPING A PLEASANT ENVIRONMENT. Journal of Media and Information Warfare, 17(1): 93-104.
- Aziz, I. N., and Sabella, R. H.(2021) TikTok as Media of Learning English. JOURNAL OF ENGLISH EDUCATION AND TECHNOLOGY,2(2): 408-419.
- BANK, W.(2024) databank.worldbank.org. Accessed 27-10-2024
- Cuesta, P., Gutiérrez, P., AND Durán, P.(2022) Why Do People Return to Video Platforms? Millennials and Centennials on TikTok. Media and Communication, 10(1): 198-207.
-Durul, S.S. ,YUKSEL, E. ,POKSPY, A. ,CINGI, C.C. AND SULLU,S. (2022) CURRENT STUDIES IN COMMUNICATION SCIENCES. KONYA: Nüve Kültür Merkezi.
- Feng, Y.(2022) Research on Live E-commerce Based on Digital Marketing: Tiktok E-commerce Live Streaming as an Example. Highlights in Business, Economics and Management, 2: 125-130.
- JAFFAR,B. A., RIAZ,S, AND MUSHTAQ, A.(2019) Living in a Moment: Impact of TicTok on Influencing Younger Generation into Micro-Fame. Journal of Content, Community & Communication, 10: 187-194.
- Haase, Q., Sloand an, L.(2022) The SAGE Handbook of Social Media Research Methods. 2nd Edition ed. London: SAGE.
-McQuail, D. (2010) McQuail's Mass Communication Theory. 6th edition ed. London: Sage publications.
- Montag,C., Yang, H., AND Elhai, J.(2021) On the Psychology of TikTok Use:A First Glimpse From Empirical Findings. Frontiers in Public Health, 9: 1-6.
- PAPACHARISSI, Z.(2002) new media & society. London: SAGE Publications.
- Sarma, K. J., (2011) Atextbook of Sosiology for B.SC. Nursing. india: Florence Publisher.
- Tang, L., Omar, S. Z., Bolong, J., AND Zawawi, J. W.(2022) Well-being in Using TikTok amongst Young People in China. International Journal of Academic Research in Business and Social Sciences , 12(6): 518-532.
- TIKTOK(2024) https://www.tiktok.com/about?lang=en.Accessed 8-10-2024.
- Vedianty, A. S., Lestari, A. S. B., AND Rayungsari. M.(2024) Transformation of Learning MediaThrough TikTok: A Qualitative Studyof the Influence of Viral Media. Journal of Teaching andLearning Mathematics,2(1): 17-30.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- Walliman, N.(2006) Social Research Methods. London: SAGE Publications
- Zaitun, M. S., and Indriani, E. D.(2021) TikTok as a Media to Enhancing the Speaking Skills of EFL Student’s. Jurnal Studi Guru dan Pembelajaran, 4(1): 89-94.

---------------------------------------------------------------------------------

# The Social Consequences of TikTok Use Among Youth: A Field Study in the Kurdistan Region

**Muhsen Mahmood**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: muhsenmahmood1@gmail.com

**Izaddin Abdulsamad Rasool**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Izaddin.rasool@su.edu.krd

## Abstract
The social network TikTok has attracted significant attention across society, particularly among youth who are considered the driving force of change and transformation in communities. Young people utilize TikTok extensively for various purposes, resulting in both positive and negative social consequences. This research aims to: identify the reasons and purposes behind young people's use of TikTok, and determine the most prominent positive and negative social impacts of TikTok usage on young people's behavior and social relationships.
This study employed a quantitative methodology. The research population consisted of all young people who are citizens and residents of the Kurdistan Region, aged between (16-35) years. Regarding the sample type and size, a River Samples method was used with a sample size of 580 young people. The validity of the research instrument was 96.72%, while the reliability of the questionnaire was (0.710).The findings revealed that young people primarily use TikTok for self-education purposes rather than merely passing time. Additionally, most

young users exhibit behaviors on TikTok that align with legal and social customs and traditions. Regarding social relationships, the research found that TikTok has enhanced and strengthened the social connections among young people.

***Keywords:*** *Social consequences, social network, TikTok, Youth, Internet.*

## المضامين الاجتماعية لأستخدام منصة تيك توك لدى الشباب: دراسة ميدانية في إقليم كوردستان

**ملخص**

لقد جذبت شبكة تيك توك الاجتماعية انتباه المجتمع بشكل كبير، خاصة بين الشباب الذين يعتبرون القوة الدافعة للتغيير والتحول في المجتمعات. يستخدم الشباب تيك توك على نطاق واسع لأغراض متنوعة، مما أدى إلى نتائج اجتماعية إيجابية وسلبية. يهدف هذا البحث إلى: تحديد أسباب وأهداف استخدام الشباب لتيك توك، وتحديد أبرز التأثيرات الاجتماعية الإيجابية والسلبية لاستخدام تيك توك على سلوك الشباب وعلاقاتهم الاجتماعية.استخدمت هذه الدراسة المنهج الكمي. تكون مجتمع البحث من جميع الشباب من مواطني وسكان إقليم كردستان، الذين تتراوح أعمارهم بين (16-35) سنة. وفيما يتعلق بنوع العينة وحجمها، تم استخدام أسلوب العينة النهرية بحجم عينة بلغ (580) شاباً. بلغت صدق أداة البحث (96.72%)، في حين بلغت ثبات الاستبيان (0.710).كشفت النتائج أن الشباب يستخدمون تيك توك بشكل أساسي لأغراض التثقيف الذاتي بدلاً من مجرد تمضية الوقت. بالإضافة إلى ذلك، يظهر معظم المستخدمين الشباب سلوكياتهم على تيك توك تتماشى مع القانون و عادات والتقاليد الاجتماعية. وفيما يتعلق بالعلاقات الاجتماعية، وجد البحث أن تيك توك قد عزز وقوى العلاقات الاجتماعية بين الشباب.

**الكلمات المفتاحية :**النتائج الاجتماعية، الشبكة الاجتماعية، تيك توك، الشباب، الإنترنت.